ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# Religion and its different consequences from the view point of Abdullah Ocalan (1973-1999)

**Dr. Salam Abdul Karim Abdullah,**

**Dr. Majid Khalil Fateh University of**

**Sulaimani - College of Humanities Education**

**Email:**
Salam.abdulla@univsul.edu.iq
majid.fatah@univsul.edu.iq

***Keywords:***

**Religion, Revolutionary Islam, Marxism-Leninism, Abdullah Ocalan, Revolutionary Left.**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

Religion plays a vital, multifaceted role in Abdullah Ocalan's thought, This attention to religion must be analyzed objectively and scientifically, particularly during the period from 1973 to 1999. This is because most of his perspectives and ideas during that time were influenced by Marxist-Leninist and revolutionary leftist thought, as he viewed religion and Islam from multiple perspectives. Two main approaches have emerged in analyzing Öcalan's views on religion:

one portrays him as a religious person who believes in religion, while the other rejects religion because he adheres to Marxist-Leninist thought, which is considered atheistic.

We suppose that neither of these approaches relies on scientific research and analysis, but rather on emotion and ideology. Therefore, a third approach should emerge, one based on objective and scientific analysis and research, after reading and studying most of Öcalan's books and ideas related to religion. Therefore, we have dedicated this study to analyzing and researching this topic.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5068

## الدين ومظاهره المختلفة من وجهة نظر عبد الله أوجلان (١٩٧٣ ـ ١٩٩٩)

أ.د. سلام عبد الكريم عبد الله
جامعة السليمانية – كلية التربية للعلوم الانسانية

أ.م.د. ماجد خليل فتح
جامعة السليمانية – كلية العلوم الإنسانية

**ملخص البحث**

يحتل الدين مساحةً ملحوظة في فكر عبدالله أوجلان، بحيث يحتاج إلى بحث وتحليل علمي، لا سيما خلال الفترة (١٩٧٣-١٩٩٩)، لان معظم آرائه وافكاره خلال تلك الفترة كانت متأثرةً بالفكر الماركسي- اللينيني واليسار الثوري، اذ

ينظر الى الدين والاسلام من زوايا متعددة. وقد برز اتجاهان رئيسيان لتحليل آراء أوجلان حول الدين بشكل رئيسي، يتمثل أحدهما في أن أوجلان انسان متدين ويؤمن بالدين، والاخر يتجسد في رفض الدين، لأنه حاملٌ فكر الماركسي- اللينيني وهو فكر الحادي.

نحن نعتقد أن كل من هذين الاتجاهين لم يعتمدا على البحث والتحليل وفق المنهج العلمي، بل اعتمدا على العاطفة والأيديولوجيا. في هذا الصدد ينبغي أن يولد الاتجاه الثالث التي يعتمد على التحليل والبحث العلمي والموضوعي بعد قراءة ودراسة معظم كتب أوجلان وأفكاره المتعلقة حول الدين. لذا خصصنا هذه الدراسة لتحليل وبحث لهذا الموضوع.

**الكلمات المفتاحية:** الدين، الإسلام الثوري، الماركسية اللينينية، عبد الله أوجلان، اليسار الثوري.

## ئایین و دەرکەوتە جیاوازەکانی لەڕوانگەی (عەبدوڵائۆجەلان)ەوە (١٩٧٣-١٩٩٩)

پ.د.سلام عبدالكريم عبدالله پ.ی.د.ماجيد خليل فتاح
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان

**پوختە**

ئایین پانتاییەکی گەورەی لەژیانی مرۆڤدا داگیرکردووە، بەجۆرێك گرفتەکانی کۆمەڵگەو بارودۆخە دژوارەکانی ژیان و جیاوازییە چینایەتییەکان، ناردنەخوارەوەی سێ ئایینی گەورەی ئاسمانیی، لەنموونەی (جولەکە، مەسیحییەت، ئیسلام) لەرێگەی پەیامبەرو نێردراوە ئاسمانییەکانەوە پێویستکردووە. سەرباری دروستبوونی چەندین ئایینی دانراوی تری مرۆڤەکان. ئامانجی ئەو ئایینانەش بریتیی بووە لەبەرجەستەکردنی چەمکی (دادپەروەری کۆمەڵایەتیی) بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە جیاکارییەك.

لەم نێوەندەدا لای عەبدوڵا ئۆجەلان قسەکردنو روانین بۆ ئایین جێگایەکی تاڕادەیەك تێبینیکراوی داگیرکردووەو پێویستی بەخوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی زانستی هەیە، بەتایبەت لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٩٩)، بەو پێیەی زۆرترین دیدو بۆچوونەکانی لەو ماوە مێژووییەدا لەهزری مارکسیزم-لینینیزم وچەقی شۆڕشگێرییەوە سەرچاوەی گرتووەو دوای زیندانیکردنی، گۆڕانکاری بەسەر هزرە چەپڕەوییەکەیدا هاتووەو لەگەڵ ئەو هزرو ئایدۆلۆجیا نوێیانەی سەردەم بارگاوی بووە، کە بایەخی زیاتر دەدەنە بابەت و پرسەکانی ژن و ژینگەو کۆمەڵگەی دیموکراتیك و خۆسەری دیموکراتی و چەند پرسێکی دیکە. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە لەدیدی ئۆجەلان بۆ پرسی ئایین و دەرکەوتە جیازازەکانی لەو ماوە مێژووییە تەرخان کراوە. ئەوەی ئەم توێژینەوەو شیکردنەوە زانستییە دەکاتە پێویستیو ئەرکێکی بابەتی بریتییە لەوەی، کە جیاواز لەدیدو بۆچوونێکەوە ئۆجەلان لەئایینو ئەرکە بنەڕەتییەکەی ئایین بەگشتیو ئایینی ئیسلامیان روانیوە. ئەمەش دوو ئاراستەی دژو پێچەوانەی دروستکردووە، بەشێوەیەك ئاراستەیەکیان بۆچوونی وایە ئۆجەلان بروای تەواوی بەئایین بەگشتیو بەئایینی ئیسلام بەتایبەت هەیەو ئەوەی لەبارەی ئایینو ئیسلامەوە وتویەتی لەبڕوای تەواوی وەك باوەڕدارو مسوڵمانێك سەرچاوەی گرتووە. هەرچی ئاراستەی دووەمە بەپێچەوانەوە ئۆجەلان بەبێباوەڕ بەرامبەر ئایینو ئیسلام وێنا دەکات، بەوپێیەی ئۆجەلان هەڵگری بیری مارکسیزم- لینینیزم و ئایدیایەکی چەپڕەویی ئیلحادە.

بەبۆچوونو لێکدانەوەی ئێمە هەردوو ئاراستەکە پشتیان بەتوێژینەوەو میتۆدی زانستیو شیکردنەوەی ئەکادیمی نەبەستووەو زیاتر لەروانگەی سۆزو ئایدۆلۆجییەوە بیروڕاکانیان سەرچاوەی گرتووە. بۆیە لەم نێوەندەدا پێویستبوو

بەخوێندنەوەو توێژینەوەی بەشی زۆری کتێبو بیروڕاکانی ئۆجەلان ئاراستەی سێیەم بەرهەم بێت، کەئاراستەیەکی زانستیو بابەتیی بێلایەنە، بەپەیڕەوکردنی میتۆدە زانستییەکانی بواری توێژینەوەی مێژوویی، شرۆڤەو شیکاری ئەو گرفتە لەتێگەیشتن بکات.

**کلیلە وشەکان: ئایین، ئیسلامی شۆڕشگێڕ، مارکسیزم–لینینیزم، عەبدوڵا ئۆجەلان، چەپی شۆڕشگێڕ.**

**پێشەکی**

پرسی ئایین و دەرکەوتەکانی لەدیدی عەبدوڵا ئۆجەلانی رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستاندا، یەکێك لەو پرسە گرنگ و هەستیارانەیە، کە جێگەی لەسەر راوەستانی زانستی و بابەتییە، چونکە ئایین لەجیهاندا بەگشتی و لەرۆژهەڵاتدا بەتایبەت پانتاییەکی گەورەی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگەو مرۆڤەکانی داگیرکردووەو کاریگەری و کارایی فراوان و فرە رەهەندی لەسەر دروستکردون. ئایین لای ئۆجەلان لەیەك دەرکەوتندا خۆی نابینێتەوە، هەروەك ئایین یەك فۆرم و یەك رۆڵی دیاریکراوی نییە، بەڵکو لەلایەك گرێدراوە بەهزرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەوەو شوناس و مانا بەچەمکی ئایین دەدات و لەلایەکتریشەوە بەو رۆڵەی، کە خودی ئایین لەمێژوودا گێڕاویەتی و وەك ئەوەی ئۆجەلان بۆچوونی وایە دەیگێڕێت. دیاریکردنی چوارچێوەی زەمەنی توێژینەوەکە (١٩٧٣–١٩٩٩) پەیوەندی بەدوو دیرۆکی گرنگی تایبەت بەژیانی هزری و سیاسی ئۆجەلانەوە هەیە، بەجۆرێ ساڵی (١٩٧٣) ئۆجەلان یەکەمین گروپی هزری و سیاسی لەژێر کارایی تێزە هزرییەکانی مارکسیزم– لینینیزم دادەمەزرێنێت بەناوی گروپی (ئاپۆچییەکان)و لێرەوە تیۆریزەی هزری چەپڕەوی خۆی دەکات، پاشان ئەوەی ساڵی (١٩٩٩) ئەو دیرۆکەیە، کە ناوبراو دوای قۆڵبەستکردنی لەپلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمییدا زیندانی دەکرێت و دوای ئەوە گۆڕانکاری بەسەر هزرە چەپڕەوییەکەیدا دێت و لەگەڵ پرس و بابەتە نوێیەکانی سەردەمدا ئاوێتە دەبێت و کارلێك دەکات. بۆیە هەوڵدراوە لەو ماوە مێژووییەدا، کە تارادەیەکی زۆر ئۆجەلان هەڵگری بیری مارکسیزم–لینینیزمە پرسی ئایین شیبکرێتەوەو دەرکەوتە جیاوازەکانی و هۆکارەکانی ئەو جۆرە دەرکەوتنانە روون بکرێتەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پرسی ئایین پانتاییەکی گەورەی لەدیدو هزری عەبدوڵا ئۆجەلاندا داگیرکردووەو زۆر تێزو بیروڕای لەسەر نووسیوەو تاوەکو ئێستا لەچوارچێوەی توێژینەوەی زانستییدا هیچ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەنجام نەدراوەو بەو هۆیەوە زۆر لایەنی نادیار بەناڕۆشنی ماوەتەوە، بۆیە بەپێویستمانزانی ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخان بکەین، چونکە راستە لێرەو لەوێ نووسین و لێکدانەوە بۆ تێڕوانین و بیروبۆچوونی ئۆجەلان بۆ پرسی ئایین و ئیسلامی شۆڕشگێڕ کراوە، بەڵام زیاتر دوو ئاراستەی لەخۆگرتووە، کە تارادەیەك دەتوانین بڵێین زانستی نین و لایەنگیریان پێوە دیارە، چ دژ بێت یاخود پشتیوانی و لایەنگیری ئۆجەلان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە دەیەوێت بە پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژووییدا زانستییانەو بابەتییانە شیکردنەوەو شرۆڤە بۆ پرسی ئایین و دەرکەوتەکانی ئایین لای عەبدوڵا ئۆجەلان بکات و هۆکارو چۆنێتی و ئەنجامی ئەو دیدو تێڕوانینە روون بکاتەوەو بەدوای وردەکاری رەگ و ریشەو سەرچاوە هزرییەکانی ئۆجەلاندا بۆ پرسی ئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلام و سیمبوڵ و هێماکانی بڕوات و ئەنجامەکەی بەشێوەیەکی زانستی لەم توێژینەوەیەدا بخاتەڕوو.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ئایا ئۆجەلان بڕوای بەئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلام هەیە یان نا؟ پاشان ئۆجەلان چۆن و لە چ روانگەیەکەوە دەڕوانێتە ئایین؟ دەرکەوتە جیاوازەکانی ئایین لای ئۆجەلان کامانەن؟ بۆچی ئۆجەلان بایەخی بەئایین داوە؟ هۆکاری چواندنی خەباتی چەکداری و سیاسی خۆی بە پەیامبەرو هێماو کەسایەتییە ئایینییەکان چییە؟ لەدیدی ئۆجەلاندا نهێنی ناوهێنانی شوێنی پیرۆزی ئایینەکان و پەیامبەرەکانیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتییە لەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەجۆرێ روداوو پرس و بابەتە مێژووییەکان خراوەتەڕوو بەگشتی و پرسی ئایین و دەرکەوتەکانی لای عەبدوڵا ئۆجەلان باسکراوەو دواتر شیکاری و شرۆڤەی زانستییان بۆ کراوە، لەهەر جیگەیەکیشدا پێویست بووبێت راو سەرنج و رەخنەو لێکدانەوەی خۆمان خستۆتەڕوو، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تەنها خستنەڕووی دیدو تێڕوانینی ئۆجەلان نییە بۆ پرسی ئایین، بەڵکو لەگەڵیشیدا سەرنج و رەخنەو تێبینییەکانی ئێمەی توێژەرە لەئاست هەندێ لەو دیدو تێڕوانینانەو هۆکارەکانی و شیکردنەوەیان.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لەسێ باس پێکهاتووە، بەشێوەیەك باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ (مێژووی دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرسی ئایین لەدیدی عەبدوڵا ئۆجەلاندا)، باسی دووەم تایبەتە بە (ئایینو هێماو کەسایەتییە ئاینییەکان لای عەبدوڵا ئۆجەلان). باسی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە بریتییە لە (هۆکارەکانی بایەخدانی عەبدوڵا ئۆجەلان بەئایینو کەسایەتییە ئایینییەکان). لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا بەچەند خاڵێك و بەکورتی و پوختی ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە وەك توێژەران لەدوای نووسینی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووین.

ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە جۆراوجۆرن، سەرەتا بەشی هەرە زۆری کتێبەکانی خودی عەبدوڵا ئۆجولان سوودی لێبینراوە، بەتایبەت ئەوانەیان، کە تایبەت بوون بەقسەکردن لەسەر پرسی ئایین یاخود ئەو کتێبانەی ناوبراو، کە تیایدا لەتەنیشت بابەت و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا پرسی ئایینیشی تاوتوێکردووە. لەو کتێبانەی ئۆجەلان بەزمانی کوردی وەك کتێبی (داستانی ژیانەوە، هەڵبژاردە، دەربارەی دەرکەوتن لەنیشتمانو قۆناغی نوێی بزاڤی بەرخودانمان، کاروانی سەرکەوتن و ئورفا سیمبوڵی پیرۆزیو نەفرەت). لەکتێبەکانی ناوبراو بەزمانی عەرەبی وەك (الحقیقة الکردیة، التاریخ مخفی فی یومنا ونحن مخفیون من بدایة التاریخ، الاصرار علی الاشتراکیة اصرار علی بناء الانسان، مسالة الشخصیة فی کوردستان، الدین والثقافة ومکانتهما فی تطور الانسانیة فی الشرق الاوسط)، بەتایبەت ئەم کتێبەیان لەتوێژینەوەکەدا زۆر سوودی لێبینراوە، بەو پێیەی زۆربەی دیدو تێڕوانینەکانی ئۆجەلان بۆ پرسی ئایین و ئیسلام و مێژووی ئیسلام خراوەتەڕوو، هەر بۆیە زۆرترین زانیاری لێوەرگیراوەو دواتر شیکردنەوەیان بۆ کراوە بەدیاریکراوی لەباسی دووەمی توێژینەوەکەدا. لەکتێبەکانی ئۆجەلان بەزمانی فارسی وەك کتێبی (اسلام ومیهن دوستی، جامعە کردستان و طرح ترور من). هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تریش سوودیان لێوەرگیراوە بەزمانی کوردی و عەرەبی لەوانە کتێبی (توغبا یەشار ئۆغلۆ: حزبوڵڵای کوردیی لەتورکیا) و (گۆران پێنجوێنی: هەڵوەستەیەك دەربارەی ئایینو باوەڕمەندی، دیمانەیەك لەگەڵ دیار غەریب) و (کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لەباکوری کوردستان). لەسەرچاوە عەرەبییەکانیش وەك کتێبی (علی الغوار: حزب العمال الکردستانی ثورة الیسار الشرقی) و (بوزیف غوردونوف: ماهي الماركسیة اللینینیة) و (اریك فروم: الدین والتحلیل النفسي) و (محمد نورالدین: حجاب وحراب، الكمالیة وازمة الهویة غي تركیا) و (خلیل علي مراد واخرون: القضیة الكردیة في تركیا وتاثیراتها علي دول الجوار). لەسەرچاوە فارسییەکانیش وەك کتێبی (م.هاکان یاووز: سکولاریسم و دموکراسي اسلامی در ترکیه). جگە لەوەی سوود لەژمارەیەك گۆڤارو رۆژنامە بەزمانی عەرەبی و کوردی وەرگیراوە.

رەنگە کاتێك ئەم توێژینەوەیە دەخوێنیتەوە یەکێك لەو سەرنجانەی دروست ببێت لەسەر هەندێ لە سەرچاوەکان لەناو دەقی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە بێت، کە ساڵی چاپیان لەگەڵدا نییە، بەتایبەت کتێبەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو کتێبانە بەشێوەی (پی دی ئێف) دەست توێژەران کەوتوون، پاشان یەکێك لەگرفتەکانی کتێب و بڵاوکراوەکانی خودی ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستانیش بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی کەمتر ساڵی چاپیان لێنووسراوە، یاخود هەندێ بڵاوکراوە دیدو تێڕوانینی عەبدوڵا ئۆجەلان بوون، لەلایەن دەزگای بڵاوکراوەی پارتەکەوە

لەچوارچێوەی کتێب و نامیلکەیەدا کۆکراونەتەوەو ناونیشانێکیان بۆ دانراوە یاخود ناونیشانی بابەتەکە کراوەتە ناونیشانی سەرەکی کتێب و بڵاوکراوەکەو بێ ساڵی چاپ بڵاویان کردۆتەوە.

**باسی یەکەم**

**(مێژووی دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرسی ئایین لەڕوانگەی عەبدوڵا ئۆجەلانەوە)**

سەرەتاکانی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی، کە عەبدوڵا ئۆجەلان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لەبەنداوی (چوبوك) لەدەوروبەری شاری ئەنقەرە لەساڵی ١٩٧٣ ئەنجامیدا. ئەم کۆبوونەوەیە ئەگەرچی کۆبوونەوەیەکی نارێکخراوبوو(البوتاني،١٩٩٤: ١١٩)، بەڵام بناغەی رێکخستنێکی سیاسیی نوێی دانا، کە سەرەتا بەناوی گروپی ئاپۆچییەکانەوە ناسران. ساڵانی نێوان (١٩٧٣- ١٩٧٨) بەقۆناغی چوارچێوەگرتنی ئایدۆلۆژی رێکخستنەکەو خۆئامادەکردن لەرووی رێکخراوەییەوە بەرەو خۆمانیفێستکردن لەقەڵەم دەدرێت. لەو قۆناغەدا گروپی ئاپۆچییەکان هێڵە سەرەکییەکانی کاری سیاسیی و هزری خۆیان لەنێو تەوژمی چەپی تورکییدا دیاریکرد، بەڵام دواتر هاتنەدەرەوە، ئەوەش بەهۆی جیاوازی جیهانبینیان لەگەڵ زۆر پارتو رێکخراوی چەپرەوی نێو ئەو تەوژمە، کەدیارترینیان بریتی بوو لەدووری بەرنامەو تێروانینی چەپی تورکیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا لەسەر بنەمای دانان بەمافی نەتەوەیی و ناسنامەی ئێتنیو پەیوەستکردنی زیاتر بەڕوانگە ئابوورییەکانەوە(گەوهەری،٢٠١٦: ٣٣-٣٤).

هاوکات لەرۆژی (٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨) ئەم گروپە پاش قۆناغێك لەکاری سیاسیی و رێکخستن لەگوندی (فیس) لەقەزای (لیجە) لەکۆبوونەوەیەکدا، کەدواتر وەك کۆنگرەی یەکەمی پارتەکە لەقەڵەمدرا(محمد نورالدين،٢٠٠١: ١١٠)، رێکخستنەکەیان لەژێر ناوی پارتی کارکەرانی کوردستان وەك پارتێکی سیاسیی راگەیاند(حمید و جواد، ٢٠١٤: 9). هاوکات خەباتی چەکداریيان لەسەر شێوازی شەڕی گەریلایی و پارتیزانی دژ بەتورکیا پەیڕەو کردو دواتر ئەو خەباتە چەکدارییەیان لەرۆژی (١٥ی ئابی ١٩٨٤) راگەیاند(الجبوري،٢٠٠٧: ١٠٦- ١٠٧). ئەگەرچی تورکیا توانی بەهاوکاریو پیلانی دەزگای سیخوری ئەمەریکاو مۆسادی ئیسرائیلو بەشداری چەند وڵاتێکی تر لە (شوباتی ١٩٩٩) عەبدوڵا ئۆجەلانی رێبەری پارتەکە قۆڵبەست بکاتو لەزیندانی ئیمرالی زیندانی بکات، بەڵام تائەم ساتەوەختەش خەباتی سیاسیی و چەکداری ئەو پارتە دژ بەتورکیا بەردەوامە.

سەبارەت بەئایدۆلۆجیای پارتەکەو رێبەرەکەشی ئۆجەلان، شاراوە نییە، کە پارتێکە هەڵگری ئایدۆلۆجیای چەپە، بەتایبەت چەپی شۆڕشگێڕیی لەسەر فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم، خۆشیان ئەمەیان لەبڵاوکراوەکانیاندا خستوتەڕوو، وەك لەیەکێك لەئەدەبیاتەکانی ئەو پارتەدا هاتووە:"فەلسەفەی ئاپۆچێتی بریتییە لەفەلسەفەیەکی ماددیی، کە بنەماکەی لەمارکسیزم- لینینیزمەوە سەرچاوەی گرتووەو فەلسەفەیەکە پشت بەگۆڕانکاریی و پەرەسەندن دەبەستێت..."(اوجلان، ب.س:١١٤-١١٥). هەروەك مارکسیزم- لینینیزم بەوەش پێناسە دەکرێت، کە:"گوزارشتە لەسیستەمێکی زانستی تێروتەواوی روانینو دیدی فەلسەفیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و بیرو بروای چینی کرێکارانی جیهانییە، کەبانگەوازی نوێکردنەوەی جیهان لەسەر بنەما سۆسیالیستیی و کۆمۆنیستییەکان دەکات"(بوزويف- غورودنوف،١٩٨٧: ١٠). پارتی ناوبراو کاریکردووە بۆ پێکەوەبەستنی هزری مارکسیزم-لینینیزمو واقیع(حمید و جواد، 2014: ٨). بۆچوونیان وابوو چارەسەری کێشەی کورد بەجێبەجێکردنی بنەماو پرەنسیپەکانی مارکسیزم دەبێت(اوجلان، ١٩٨٣: ١١٣).

تێروانینی ئۆجەلان بۆ چەمکی ئایین لەدوو دیدگای جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە، لەلایەك ئایین وەك شۆڕشو پەیامی رزگاری و دادپەروەری و یەکسانیی دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە ئایین وەك بەشێك لەپێدراوەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی مرۆڤ

دادەنێت. دیدی یەکەمیان پەیوەندی بەروانینی چینایەتی نێو بیری سۆسیالیستییەوە هەیە، کەئایینەکان دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بوون و ئامانجیان بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووە. دیدی دووەمیان زیاتر لەروانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کەدیدێکی رەخنەیی فەلسەفی و سیاسییەو بەشێکیشی بریتییە لەشیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی بۆ دیاردەی ئایین، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارل مارکس و ئەویش لەژێر کاریگەری فەلسەفەو بیروبۆچوونەکانی (لۆدڤیگ فویرباخ)دا بووە(الورزادی، ٢٠١٦ :٦). ئۆجەلان ئایین بەگشتیو ئایینە ئاسمانییە یەکتاپەرستییەکان بەشۆڕشێکی گەورەو گرنگ لەقەڵەم دەدات، بەشێوەیەك لەئەدەبیاتی ئۆجەلاندا ئایینە ئاسمانییەکان بەهۆکاری پەرەسەندنو گەشەکردنی گەورەو هەڵکشان بەرەو ترۆقیکردنی مەزن لەبیرو هزرو رۆشنبیریی مرۆییدا وێنا دەکرێت(اوجلان، ب.س:٦). راستە ئۆجەلان نکوڵی لەرۆڵی ئایین لەبەرەو پێشبردنی مرۆڤدا ناکات، بەڵام بۆچوونی وایەو زیاتر مەبەستیشیان ئەو بەرەو پێشچوونو پەرەسەندنانەی دواییە، کە لەهەموو ئایینەکاندا بەدیهاتووە، بەڵام رۆژهەڵات ئەمەی بەخۆوە نەدیوە(اوجلان، ب.س:٧). لێرەدا مەبەستی ئۆجەلان لەچەمکی پەرەسەندن ئەو ریفۆرم و گۆڕانکارییانەیە، کە لەئەوروپا بەسەر ئایینی مەسیحییەتدا هات لەچوارچێوەی بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی بەرابەرایەتی (مارتن لۆسەرو جۆن کالڤن و زوینگلی)، واتە ئۆجەلان بۆچوونی وایە ئایینی مەسیحییەت پەرەسەندن و گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە لەرۆژئاوا، بەڵام رۆژهەڵات و ئایینەکانی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاری و چاکسازییانەی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە لەدۆخی چەقبەستوویدا ماونەتەوە– توێژەران.

مەبەست لەچەمکی سۆسیالیزم بیروبۆچوونێکە جەخت لەبایەخی کۆمەڵ دەکاتەوەو داوای لەنێوبردنی جیاوازی چینایەتیی دەکات، بەشێوەیەك دەوڵەت هەڵسوکەوت بەموڵكو ماڵی گشتییەوە بکاتو دامەزراوەکانی وەك (خوێندنگەو نەخۆشخانەو...تاد) موڵکی گشتی بنو دەوڵەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (زەویو کارگەکان) باڵادەست بێت. بەکورتی سۆسیالیزم رژێمێکی ئابووریيو کۆمەڵایەتییە

(https://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid=535626&ac=1). سۆسیالیزم سەرباری چەندین تەوژمو خوێندنگەی هزری دیکە، کەلێی جیابۆتەوە، بەڵام بەگشتی بۆ سێ لق دابەشدەکرێت، ئەوانیش (سۆسیالیزمی یۆتۆپیو سۆسیال دیموکراتو سۆسیالیزمی زانستیی)ە. چەمکی سۆسیالیزمی زانستیی بۆیەکەمجار لەلایەن هەریەکە لە(کارل مارکسو فریدریك ئەنگلز)ەوە بەکارهێنراوە بۆخستنەڕووی بیردۆزێکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیی. هەروەك رێگەیەکە بۆتێگەیشتنو پێشبینیکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئابووریو دیاردە مادییەکان لەرێگەی شیکردنەوەو توێژینەوەی باکگراوندە مێژووییەکانەوە بەرێگەی زانستیی: (https://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid=535626&ac=1).

مارکس کاتێك لەبارەی ئایینەوە وتویەتی:"ئایین تلیاکی گەلانە" مەبەستی لەو پەیوەندییە بووە، کە لەنێوان دەوڵەتی پروسیاو کەنیسەی پرۆتستانتی لەئەڵمانیا لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا هەبووە (https://marxy.com/?p=10031)، بەڵام مارکس ئایین لەئاکامی چارەڕەشی مرۆڤ لەژیاندا وێنا دەکات، ئەو دەڵێت:"ئایین هەناسەدانی مرۆڤی تێکشاوە، گیانی جیهانێکی بێقاڵبە، گیانی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییە، کەگیان لێی هەڵاتووە"(کارل مارکس، ب.س:١). ناوبراو رەخنە لەئایین بەمەرجی رێخۆشکردن بۆ هەموو رەخنەیەکی تر دادەنێت. لەمبارەوە دەڵێت:"بناغەی رەخنەی نائایینی بریتییە لەوەی مرۆڤ ئایین دروستدەکات، نەك ئایین مرۆڤ دروستبکات، بێشك ئایین بریتییە لەهۆشیاری خودو هەستکردنی خود لای مرۆڤ، کەدوای خۆی نەیدۆزیوەتەوە، یان ونیکردووە، مرۆڤ بونەوەرێك نییە لەجێگەیەکی دەرەوەی جیهان، مرۆڤ جیهانی مرۆڤە، دەوڵەتو کۆمەڵگە. ئەو دەوڵەتو کۆمەڵگەیەی ئایین بەرهەم دەهێنن، هۆشیارییەکی هەڵگەڕاوەیە بۆجیهان، لەبەرئەوەی خۆی جیهانێکی هەڵگەڕاوەیە"(کارل مارکس، ب.س:١). لێرەوە تێدەگەین، کەمارکس ئایین وەك بەرهەمهێنراوی جیهانی ماددیو نێو دەوڵەتو کۆمەڵگە لەقەڵەم دەداتو لەجیهانی نادیارو ئاسمانی دایدەبڕێت، واتە بۆچوونی وایە ئایین داهێنراوو دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی لەدونیادا. ئەمەش لەتێڕوانینی سۆسیالیزمی زانستییەوە سەرچاوەی گرتووە،

لەبەرئەوەی مارکس‌و ئەنگلزیش وەك رابەرانی بیری سۆسیالیزمی زانستی‌و نیگابەخشی بەشێکی زۆر لەبزوتنەوەو تەوژمە چەپەکانی جیهان، سۆسیالیزمی زانستیان وەك میتۆدێکی زانستی بەکارهێنا بۆتوێژینەوەی روداوە کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییەکان (https://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid=535626&ac=1).

سەبارەت بەدەرکەوتنی ئایین لای ئۆجەلان، ناوبراو بۆچوونی وایە سەرهەڵدانی ئایین لەترسەوە سەرچاوەی گرتووە، هەمان ئەو بۆچوون‌و تێروانینەی (سیگمۆند فرۆید) هەیەتی، واتە بێتوانایی مرۆڤ لەشیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان لەچاخە سەرەتاییەکانی مێژوودا بۆتەهۆی سەرهەڵدانی ترس، ئەمەش هۆکار بووە بۆ باوەڕی مرۆڤ بەخودا. بەو پێیەی (فرۆید) بۆچوونی وایە:"ئایین لەبێتوانایی مرۆڤ بۆ روبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سروشت لەدەرەوەو هێزە غەریزییەکانی مرۆڤ لەناوەوە سەرچاوەی گرتووە... ئایین لەقۆناغێکی زوویی پەرەسەندنی مرۆیی گەشەیکردووە، کاتێك مرۆڤ نەیتوانیوە عەقڵ‌و ئاوەزی لەوەستانەوە بەڕووی ئەو هێزە دەرەکی‌و ناوەکییانەدا بەکاربێنێت‌و هیچ دەرچەیەکی نەدۆزیوەتەوە لەچەپاندنیان..."(اریك فروم،٢٠٠٣: ١٥-١٦). تێبینی دەکەین ئۆجەلان لەژێر کاریگەری بیروڕای (فرۆید)دا لێکدانەوە بۆ ئایین دەکات، کاتێك (ئۆجەلان) دەڵێت:"ترسی مرۆڤ لەمردن کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە، بەشێوەیەکی میتافیزیکی وایلێکردووە بگەڕێت بەدوای چارەسەر‌و هێزەکان لەدەرەوەی چوارچێوەی ژینگە مادییەکەی، کە تێیدا دەژی بەپشتبەستن بەهێزە نادیارەکان. هەروەك بۆچوونی وابووە دەیپارێزێت لەزیانی هێزە دەرەکییەکان"(اوج الان، ب.س:١١). واتە لێرەدا ئۆجەلان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بێتوانایی مرۆڤ لەبەرامبەر سروشتدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بیروباوەڕە ئایینییە کۆنەکان(اوج الان، ب.س:١١). ناوبراو لەمبارەیەوە زیاتر دەڕوات‌و ئایین وەك هێزێکی میتافیزیکی هەژمار دەکات بەئامانجی کەمکردنەوەی توڕەیی ئەو هێزەو بەرهەمهێنانی رەگەزەکانی هێزی مەعنەوی لێی، ئەمەش بۆ نەبوونی چارەسەر لەئەزموونی کەڵەبووی ئەقڵ‌و ژیرییان دەگێڕێتەوە. لەدیدی ئۆجەلاندا ئەم دۆخەش وایلێکردوون پەنا بۆ هێزی نادیار ببەن‌و پشتیان پێببەستن لەروبەڕووبوونەوەی کێشەکانیانداو بۆئارامبوونەوەی دەروونیان‌و هیواو دڵنیایی بەدەستبێنن(اوج الان، ب.س:١٦). ئۆجەلان لەو تێروانینەدا لەگەڵ فرۆید لەمەسەلەی ئاییندا جیاوازە، کەفرۆید دواجار ئایین وەك وەهم لەقەڵەم دەدات(اريك فروم،٢٠٠٣: ١٦)، بەڵام ئۆجەلان ئایین بەبابەتێکی واقیعی‌و هەبوو وەك ئایینە ئاسمانی‌و دانراوەکان دادەنێت. بەڵام لەوەدا هەردووکیان هاوڕان، کەبڕوایان وایە ترس هۆکاری پەیدابوونی ئایین بووە لای مرۆڤ.

لەلایەکیترەوە تێبینی دەکەین ئۆجەلان بۆچوونی جیاوازتریشی لەبارەی ئایینەوە هەیەو زیاتریش لەروانگەی ئەرکی ئایینەوەیە بەدەر لەو بۆچوونەی سەرەوە و بۆچوونی وایە ئایین لەبنەڕەتدا بریتییە لەشۆڕش، بەجۆرێك دەڵێت:"پەکەکە ئایین بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت، کە وەك پێویستییەکی رۆحی‌و مەعنەوی بەدرێژایی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دەرکەوتووەو رۆڵی گرنگی گێڕاوە لەرێکخستنی ژیانی مرۆڤ‌و هزرو بیروباوەڕو ئاکارییدا"(اوج الان، ب.س:١١٨). ئۆجەلان پێی وایە ئایین بەگشتی‌و ئیسلام بەتایبەت بۆ خۆیان شۆڕشن. لەمبارەوە دەبێژێت:"ئایین بریتییە لەئایدۆلۆجیای شۆڕش... ئەمە بریتییە لەئیسلام، شۆڕشێکی سیاسییەو رێگەی بۆ لەدایکبوونی شارستانیەتێکی مەزن خۆشکرد...". تەنانەت ئۆجەلان راستینەی پەکەکەش بەجێبەجێکردنی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی‌و ئیسلامی شۆڕشگێر لەقەڵەم دەدات. لەمڕووەوە دەڵێت:"پەکەکە بریتییە لەپراکتیکی سۆسیالیزم‌و ئیسلامی شۆڕشگێر بەشێوەیەکی پێکداچوو لەسەر واقیعی کوردستان... دەزانیت ئیسلامی راستەقینە لەرێگەی پەکەکەوە دووبارە زیندووبوویەوەو بەوەش گەورەترین بەهای بۆ رزگاربوونی مرۆڤەکانمان بەخشی، ئەوەش ئامانجی ئیسلامە"(اوج الان، ب.س:١١٩).

**باسی دووەم**

**(ئایین‌و هێماو کەسایەتییە ئاینییەکان لای عەبدوڵا ئۆجەلان)**

یەکەم– ئایینی جولەکە: ئۆجەلان بۆچوونی وایە ئایینی جولەکە رەگو ریشەی بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ) دەگەڕێتەوە، کە دژی ستەم‌و جەوری (نەمرود) راپەڕی. گەشەکردن‌و پەرەسەندنی ئایینی جولەکە لەگەڵ دەرکەوتنی حەزرەتی ئیبراهیمدا بوو لەشاری ئۆرفەو دەشتی حەران، کاتێك هەستا بەشکاندنی ئەو بتانەی گەلی نەمرودی بێباوەڕ دەیانپەرست، بەجۆرێك بۆیەکەمجار بانگەشەی بۆ پەرستنی خوای تاکانە کرد. بەهۆی ئەم بانگەوازە نوێیەوەو بەهۆی ستەمی نەمرودەوە، خۆی‌و خێزانەکەی ناچاربوون ئورفە بەرەو فەلەستین‌و میسرو مەککە جێبهێڵن‌و دواجار لەمەککە جێگیر بوون‌و کەعبەی پیرۆزی دروستکرد. پاش مردنی ئایینەکەی لەسەردەستی نەوەکانی (یاقوب‌و ئیسحاق) لەمیسرو دۆڵی نیل بڵاوبۆتەوە بەهۆی کۆچکردنیان بۆ ئەو شوێنانە بەتایبەت نەوەکانی یاقوب، دواتریش بەئایینی بەنی ئیسرائیل ناسێنرا(اوج الان، ب.س:٣٧). لەسەردەمەکانی دواتردا میسر لەژێر سایەی فیرعەونەکاندا بووەو ناکۆکی لەنێوان بەنی ئیسرائیل وەك گەلێکی کۆچەری‌و دەسەڵاتی فیرعەونەکان دروستبووە، گوایە فیرعەون خەونی دیوە، کە ئاگرێك لەقودسەوە دەرچووەو هەموو خەڵکی میسری سوتاندووە جگە لەبەنی ئیسرائیل نەبێت، پاش راڤەکردنی ئەم خەونە بەوەی منداڵێك لەبەنی ئیسرائیلەوە هۆکاری لەناوبردنی فیرعەون دەبێت، بۆیە فیرعەون فەرمان دەکات بەکوشتنی هەموو منداڵێکی نێرینەی بەنی ئیسرائیل. پاش گەورەبوونی موساو دەرکەوتنی، ناکۆکی لەگەڵ فیرعەون زیاد دەبێت‌و دوای ئەوەش، کە دەبێتە پەیامبەری خودا ناکۆکییەکان دەگەنە چڵەپۆپە، چونکە فیرعەون خۆی بەخواوەندی سەر زەوی دادەنا، ئەمەش لەگەڵ بیروباوەڕی موسادا دژبوو. بەهۆی ئەم ململانێیانەوە موسا میسری بەرەو فەلەستین جێهێشتووە(اوج الان، ب.س:٣٧).

دووەم– ئایینی مەسیحییەت: هەرچی ئایینی مەسیحییەتە لای ئۆجەلان لەناوەڕاستی سەدەی یەکەمی زایینی لەهەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆما دەرکەوتووەو لەسەرەتای سەدەی دووەمیش گەیشتۆتە یۆنان‌و نیوەدوورگەی ئیبنینو، بەجۆرێك رەوشی داڕوخاوی خەڵك‌و بێبەشکردنیان لەمافەکانیان بۆتەهۆی بڵاوبوونەوەی هزری ئایینی‌و سۆفیگەریی بۆ دوورکەوتنەوە لەژیانی سەرزەوی‌و ئومێدبوون بەئایینده لەجیهانەکەی تر. ئەم هزرانەش رێگەی بۆ دەرکەوتنی بیروباوەڕی مەسیحییەت خۆشکرد. لەجێگەیەکیتردا ئاماژە بەوە دەدات، کە لەوکاتەدا فەلەستین لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی رۆمانییەکاندا بووەو بارودۆخ داڕوخانی مەترسیداری بەخۆوە بینیوە لەکۆمەڵگەی جولەکەدا، کەباوەڕیان بەئایینی جولەکە هێنابوو، ئایینەکەش لەدەستی پیاوە ئایینییە دڵخوازەکانی رۆمانییەکاندا بووەو ئایینی جولەکەیان خستبووە خزمەتی سیستەمی سیاسی رۆمانییەکانەوەو بەدیاریکراویش نزیکبوونەوە لەدەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی‌و دۆستایەتی بۆی. کاتێکیش رەوش‌و بژێوی جولەکە لەناوچەکە بەرەو قەیرانی زیاتر چوو، ئەم دۆخە بۆتە هۆی هاتنەئارای بۆشاییەکی بیروباوەڕیی لەژیانی کۆمەڵگەی جولەکەداو ئەم بارودۆخەش بانگی مرۆڤی دەکرد بۆ بیرکردنەوە لەراست‌و دروستی ئایینی جولەکەو رادەی راستگۆیی ئەو ئایینە لەوەدیهێنانی هیوای مرۆڤایەتی، بەجۆرێك کۆی ئەو بارودۆخانە رێگەی بۆدەرکەوتنی ئایینێکی نوێ خۆشکرد، کەمژدەی سەردەمێکی نوێی بۆرزگاری مرۆڤایەتی لەجەورو ستەمی بەندایەتی بەخشی(اوج الان، ب.س:٤٢– ٤٣).

سێیەم– ئایینی ئیسلام: سەبارەت بەئایینی ئیسلام، ئۆجەلان دەڵێت:"ئیسلام بریتییە لەگەورەترینی شۆڕشەکان، کەمێژوو بەخۆوەی بینیبێت. دەتوانین بڵێین هیچ شۆڕشێك وەك شۆڕشی ئیسلامیی لەلایەنی قوڵبوونەوە لەمانای مرۆیی دەرنەکەوتووە. شۆڕشی ئیسلامیی وەرگێڕدرایە سەر هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان بەشێوەیەکی واقیعی یەکسانی‌و دادپەروەریی. ئەو مانایەی ئیسلام بەخشییە پرەنسیپی ئازادی هیچ ئایینێکی تر نەیبەخشیوە. بەم پێیە دەتوانین شۆڕشی ئیسلامیی بەکانگاو بنەمایەك بۆ

شۆڕشەکان، کە بەدواییدا هاتن دابنێین. ئەو شۆڕشە لەبنەڕەتدا شۆڕشی دادپەروەریی‌و یەکسانی‌و ئازادیی بوو"(اوج الان، ب.س:٦١). بەڵام ئەمە بەتەنها کۆتا بۆچوونی ئۆجەلان نییە لەسەر ئایین بەگشتی‌و ئیسلام بەتایبەت، بەڵکو لەتەواوکەری ئەم وتەیەدا رەخنە لەگۆڕانی ئایینی ئیسلام لەپەیامێکی ئاسمانی‌و خودایی‌و ئایینی دادپەروەری‌و یەکسانی بۆ ئایدۆلۆجیا دەگرێت‌و بۆچوونی وایە کەئایین‌و ئیسلام بەهۆی چوونە نێو دەستی چینە فەرمانڕەواکانەوە خراپە خزمەتی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیانەوەو وەك دژە شۆڕش شۆڕشەکان بەکارهێنراو وەك شێوازی بەندایەتیکردن‌و نادادپەروەریی‌و ستەم‌و نکوڵیکردنی ماف‌و تاریکی بەکارهێنرا، هەموو ئەوانەش بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران بووەهۆی زیانگەیاندن بەئیسلام‌و شۆڕشەکەی(اوج الان، ب.س:٦١).

چوارەم – ئاینی زەردەشتیی: لەچوارچێوەی باسکردنی ئایینەکاندا ئۆجەلان دەربارەی ئایینی زەردەشتیش دواوە، ناوبراو بۆچوونی وایە بەپێی گێڕانەوەکان خودی زەردەشت یەك کەس نەبووە، بەڵکو سێ کەس بووەو لەسەر دەستی ئەوان ئایینی زەردەشتی بڵاوبۆتەوەو ئەوانیش بریتین لە:

١–مهاباد (٣٠٠٠ پ.ز).

٢–هۆشەنگ.

٣–زەردەشت (٦٦٠ پ.ز)، کە هەستاوە بەرێکخستنی ئایینی زەردەشتی‌و بڵاوکردنەوەی لەنێو میدی‌و پارس‌و ئەخمینیەکاندا (اوج الان، ب.س:٢٨).

ئۆجەلان بیروڕای وایە ئایینی زەردەشتی دژی جادوو پیاوانی ئایینی بووەو دەستبەسەراگرتنی پیاوە ئایینیەکانی زەردەشتیی(موغەکان)ی رەتکردۆتەوەو داوای چاکسازیی لەسیستەمی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رۆحیدا کردووە، پێچەوانەی ئایینی بوزیش، کە هاوسەرگیریی‌و سیستەمی کۆمەڵایەتی بەمایەی هەڵوەشانەوەو لەناوچوون لەقەڵەم دەدات، ئایینی زەردەشتیی بەچاوێکی گەشبینییەوە بۆ ژیان‌و سروشت دەڕوانێت‌و هانی مرۆڤ دەدات لەژێر سێ بنەما سەرەکییەکەی(هزری باش، کاری باش، گوفتاری باش)و جەختی لەسەر کاری کشتیاریی‌و جوتیاری کردۆتەوە، بەوەش ژیانی نوێی بۆ گەلەکەی دروستکردووە. زەردەشت وتویەتی:"هەرکەس بیرێك هەڵکەنێت، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە"(اوج الان، ب.س:٢٨). ئۆجەلان ئایینی زەردەشتیی بەیەکەم شۆڕشی ئایینیی لەقەڵەم دەدات، لەبەرئەوەی ژێرخانی ئایینی فرەخودایی دەرهێناوە وەك ئایینێکی بنجداکوتاو لەرۆشنبیری خێڵایەتیدا. سەرباری ئەوەی ئایینی زەردەشتیی توانیویەتی کۆت‌و پێوەندە یەکێتی‌و زنجیرەبەندییە خێڵایەتییەکان تێکبشکێنێت‌و ناسنامەیەکی باڵای گشتی دابمەزرێنێت لەنێو سەرجەم خێڵە میدییەکاندا(اوجلان،٢٠١٠: ٣،٣٣).

**رەخنە لەمێژووی دەسەڵاتی ئایینی‌و ئیسلامیی:**

لەهەندێ بیروبۆچوونی تردا ئۆجەلان رەخنە لەمێژووی دەسەڵاتی ئایینی و ئیسلامی دەگرێت، بەو پێیەی لەسۆنگەی تێڕوانینی شۆڕشگێڕیی‌و چینایەتییەوە بۆ رۆڵ‌و ماهیەتی ئایین بەگشتی دەڕوانێت، ئیدی هەر لەئایینی جولەکەوە تادەگاتە ئایینی مەسیحیەت‌و ئیسلام. ئەو بۆچوونی وایە لەبنەڕەتدا ئایین بۆ خۆی شۆڕشە، بەڵام لەو کاتەدا، کە ئایین دەبێتە پشتیوانی دەسەڵات یاخود دەبێتە بەرگێك بۆ دەسەڵاتێکی دونیایی، ئیدی ماهیەت‌و ئەرکی بنەڕەتی خۆی لەدەستدەدات، کە وەستانەوەیە بەرانبەر بەستەمکاری‌و چەوسانەوە. لێرەشدا نموونەی بەشێك لەو زاناو فەیلەسوفانەی جیهانی مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاست‌و ئیسلام بەنموونە دێنێتەوە، کەچۆن دژ بەبیروبۆچوونە نازانستییەکانیان وەستاونەتەوەو ئامانجیان

هۆشیارکردنەوەی خەڵکیو پێبەخشینی مەعریفە بووە، تەنانەت بەشێکیشیان لەناوبراون، وەك (گالیلۆو ئەبوبەکری رازیو ئیبن روشد،...تاد)(اوج الان، ب.س:٨٥-٨٦). لیرەدا لێکدانەوەکەی ئۆجەلان بەو شێوەیە نییەو فەیلەسوفی جیهانی ئیسلامی (ئەبوبەکری رازی) بەنەخۆشی کۆچی دواییکردووەو نەکوژراوە (عویضة، ١٩٩٣: ٢١)، هەروەها ئیبن روشد)ی فەیلەسوفیش بەهەمان شێوە بەنەخۆشی کتوپڕ مردووەو ئەویش نەکوژراوە(https://dorar.net/history/event/2321)، وەك ئەوەی ئۆجەلان لەریزی (گالیلۆ)دا ناوی هێناون گوایە لەسەر بیروڕاکانیان کوژراون- توێژەران. بەڵام سەبارەت بەدەسەڵاتی ئیسلامیی، ئۆجەلان زیاتر رەخنەکانی بۆ دوای سەردەمی دەسەڵاتی پێغەمبەر(د.خ)و جێنشینانی راشیدینەو رەخنە لەسەردەمی ئومەویو عەبباسی دەگرێت، چونکە بەدەر لەبۆچوونەکەی ئۆجەلان، تێبینی ئەوە کراوە، کە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا، جگە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)، سەردەمی بەشی هەرە زۆری خەلیفەکانی دەوڵەتی ئومەوی تاڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتێکی دوور بووە لەبنەماو بەها ئیسلامییەکان لەبواری فەرمانڕەواییو دادپەروەرییدا، بگرە بنەمای فەرمانڕەواییەکەیان پێچەوانەی بنەمای ئیسلام بووە، کە لەئیسلامدا بنەمای کارکردنو فەرمانڕەوایی لەسەر سیستەمی شورایە، بەڵام ئومەوییەکان هاتن هەڵیانگێڕایەوەو کردیانە سیستەمی پشتاوپشت، پاڵپشت لەسەر ئەم بۆچوونە فەرمودەیەکی پەیامبەر(د.خ) هەیە، کە دەفەرموێت:"الخلافة بعدي ثلاثون سنة، ثم تكون ملكا"(الخالدي،١٩٩٥: ١١). لەفەرمودەیەکی تردا هاتووە:"الخلافة النبوة ثلاثون سنة، ثم تكون ملكا عاضا"(الالباني،١٩٩٧: ١٠). یاخود لەفەرمودەیەکی تردا روونتر ئاماژەی بۆ دەکاتو دەفەرموێت:"اولى دينكم نبوة ورحمة ثم ملك ورحمة ثم ملك اعفر ثم ملك جبروت" (التميمي،١٩٩٨: ٩٨).

دەبینین بارودۆخەکەش لەلایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەوە رەنگدانەوەی ئەو سیستەمە پادشاییە بووە، کە پێغەمبەر"د.خ" لەژێر ناونیشانی (پادشای قەپگر)دا گوزارشتی لێکردووەو لەلایەن کۆمەڵێك خەلیفەو والی دەوڵەتی ئومەوییەوە پیادە دەکرا. سەرەڕای ناجێگیری دەسەڵاتی سیاسیی بەهۆی ململانێو ناکۆکییە هۆزایەتیو خێڵەکییەکان لەنێوان هەردوو هۆزی (یەمەنیو مضری)یەکاندا، کە گەیشتبووە ئاستێك خەلیفەکانی ئومەوی بەشداری جدییان لەو ناکۆکییانە دەکرد. ئەمەش لەناوەڕۆکدا هیچ پێوەندییەکی بەئایینی ئیسلامەوە نەبوو، بەڵکو جەوهەری ئایین لەسەروی هەموشیانەوە ئایینی ئیسلام دژی خێڵایەتیو هۆزایەتییەو بەکارێکی نەفامیی لەقەڵەم دەدات. چەندین یاخیبوونو راپەڕینو هەڵگەڕانەوە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا روویداوە، سەرباری سەرهەڵدانی کۆمەڵێك گروپو شۆڕش، لەوانە شۆڕشی مسوڵمانە ناعەرەبەکان (شعوبییەت)، چونکە ئومەوییەکان بەبەکارهێنانی ئایین ستەمیان لەوان دەکرد، لەکاتێکدا ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلام بریتی بوو لەدادپەروەرییو یەکسانیی. لەمبارەوە خوای گەورە دەفەرموێت:"يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ " سورەتی (الحجرات/ اية ١٣). واتە بنەمای لەپێشترینیتان لای خودا تەنها لەخواترسانو پارێزییە، نەك زمانو نەتەوەو رەچەڵەك، بەڵام ئومەوییەکان لەسەر بنەمای رەچەڵەکو نەتەوە پێچەوانەی ئەم بنەما ئایینییانە ستەمیان لەمسوڵمانە ناعەرەبەکان دەکرد لەرووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەوە(عەبدوڵا،٢٠٠٤: ٧).

**ئۆجەلان لەنوسین و بیروبۆچوونەکانیدا ناوی پەیامبەرو هێما ئایینییەکانی هێناوەو باسیکردوون لەوانەش:**

**یەکەم – باسکردنی پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ):**

ناوهێنانو باسکردنی پەیامبەرێکی وەك ئیبراهیم (د.خ) لەئەدەبیاتی ئۆجەلاندا پانتاییەکی بەدیمەنی داگیرکردووەو زیاتر لەجێگەو کتێبو بۆنەیەك باسیکردووەو باسی ململانێو رکابەرییە سەختەکەشی لەگەڵ (نەمرود)دا کردووە. ئۆجەلان لەزۆر شوێندا خەباتی پەکەکە بۆشکاندنی بتەکانی ستەمکاریی بەخەباتی ئیبراهیم لەرووی ناوەڕۆکی خەباتو ماناکانییەوە چواندووە. هەروەك خەباتو تێکۆشانی پەیامبەرانی خودا بەسەرمەشقی کاری خۆی لەقەڵەمداوە، لەبەرئەوەی لەدیدی

ئۆجەلاندا خەبات‌و تێکۆشانی ئەو پەیامبەرانەی خودا پەیوەندی بەململانێی چینایەتی‌و پشتگیریی ئەوان لەچینی زەحمەتکێش‌و رەشو روتی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە لەسەر بنەمای هەق‌و دادپەروەری‌و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی‌و دادپەروەریی. تەنانەت ئۆجەلان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەبەرئەوەی شاری ئۆرفە شوێن‌و نیشتیمانی ئیبراهیم پێغەمبەر بووەو لەململانێی سەختدا بووە دژی نەمرود، بۆیە دەبێ پەکەکەش هەڵگری ئەو پەیامەی ئیبراهیم پێغەمبەر بێت بۆ روبەڕووبوونەوەی ستەمکاریی(ئوج ئالان، ب.س: ٧).

**دووەم- باسکردنی موسا پێغەمبەر (د.خ):**

ئۆجەلان زیاتر لەجێگاو بۆنەیەك باسی لەپەیامبەر موساو ئایینی جولەکە کردووەو ئاماژەی پێداوە. ناوبراو خەباتی خۆی بەشوێنی لەدایکبوونییەوە بەستۆتەوە، کە گوندی (ئۆمەرلی) سەر بەشاری (ئۆرفە)یەو مەڵبەندێکی مێژوویی گرنگی سەرجەم ئایینەکان بووە لەمێژووی دێرینی جیهان‌و ناوچەکەداو بەمەڵبەندی پێغەمبەران‌و پەیامبەرانی خودا لەقەڵەمدراوەو لەزۆربەی سەردەمەکانیشدا شوێنی بەگژاچوونەوەی ستەم‌و نادادیی بووە، بەشێوەیەك بەمجۆرە دەستەواژەکە هاتووە:"کوڕە جوتیارەکەی گوندی ئۆمەرلی ئەو کەسایەتییە بوو، کە وزەی شاراوەی پیرۆزی‌و رەسەنی ناوچەکەی رێکخست، کردی بەهێزو بەرامبەر بەنەمروده ملهوڕو خۆداسەپێنەکان، جاری بزوتنەوەیەکی گەلی کوردی رەنجدەرو هەژاریدا..."(عەبدوڵلا ئوج ئالان، ب. س:٧). ناوبراو درێژەی پێدەدات‌و دەبێژێت:"بزاڤی ئاپۆچێتی، یاخود بەناوەکەی تری پارتی کرێکارانی کوردستان وەك بزوتنەوەیەکی خاوەندارێتیکردنی پیرۆزیی، رەسەنی کەلتووری ناوچەکە سەریهەڵدا، بزاڤێك، کە کۆتایی بەستەم‌و زۆرداریەکانی نەمرودەکانی سەردەم بێنێت"(عەبدوڵلا ئوج ئالان، ب.س:٧).

**سێیەم- باسکردنی عیسا پێغەمبەر (د.خ):**

ئۆجەلان ئایینی مەسیحییەت بەپیرۆز دەزانێت‌و خودی حەزرەتی مەسیحیش بەشۆڕشگێڕ ناودەبات. لەمڕووەوە دەڵێت:"ساڵی ٢٠٠٠ ناوی دەنێن ساڵی حەزرەتی عیسا، شۆڕشگێڕێکی مەزن بوو، نزیکی ئێمەیەو هەتا دوایی رێز لەو یادەوەرییە دەگرین، تایبەتمەندی‌و چالاکی حەزرەتی عیسا لەهەموو پێغەمبەرەکاندا هەبووەو ئەمڕۆکە وەڵامی راستەقینەی خۆی لە(پارتی کرێکارانی کوردستان) دا دەبینێتەوە. لەبەرئەوە ناونانی ئێمە وەکو شۆڕشگێڕێك، کە پێدەنێتە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە واتایەکی گرنگی هەیە. ئەو ئەرکە چەندە گرانیش بێت، گەرەکە جێبەجێی بکەین. بێگومان ئەوە لەسەرمان دەسەپێنێ، کە زیاتر بیربکەینەوەو زیاتر کار بکەین بۆ ئەمەش بەڵێن بەمرۆڤایەتی دەدەین، کە دواساڵی ئەم سەدەیەش لەسەر ئەو بنەمایە پیرۆز بکەین"(عەبدوڵلا ئۆجەلان، ١٩٩٩: ١٢٨).

**چوارەم- باسکردنی پێغەمبەر محەمەد(د.خ):**

لەئەدەبیاتی پەکەکەدا بەمشێوەیە باسی پەیامبەری ئیسلام (محەمەد- د.خ) هاتووە:"موحەمەد خۆی وەك خودا لەسەر زەوی رانەگەیاند، بەڵکو پەیامبەرو کۆتا پێغەمبەرو بەندەیەك لەبەندە چاکەکان بوو. ئەمەش راستییەو لەناوەرۆکدا بەشۆڕش دادەنرێت، لەبەرئەوەی لەدەورەبەرەکەیدا بۆشاییەکی مێژوویی هەبوو، بەمە توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە"( عبدالله اوج الان، بدون سنة:٥٥).

**پێنجەم- باسکردنی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ر.خ):**

ئۆجەلان لەهەندێ شوێندا وتەکانی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی خەلیفەی چوارەمی راشیدین دێنێتەوە بۆ بەگژاچوونە وەی ستەمو داکۆکیکردن لەمافی چەوساوان. ئەو دەڵێت:"ئەوەی لەبەرامبەر زوڵم بێدەنگ بێت، هاوبەشی زوڵمەکەیە" (عەبدوڵلا ئۆجەلان،١٩٩٩: ١٦٢-١٦٣). ئۆجەلان میتۆدی ئیمامی عەلی بەمیتۆدێکی میانڕەو لەمێژووی فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا دەبینێت و میتۆدی گروپی خەواریجەکان بەمیتۆدێکی رادیکاڵ هەژمار دەکات(اوجلان، ٢٠١٨: ٣٨).

یەکێکیتر لەو بابەتانەی پەیوەستە بەتێڕوانینی ئۆجەلانەوە بۆ ئایین خۆی دەبینێتەوە لەباسکردنو ناوهێنانی ئەو شوێنانەی، کە لەبەسەرهاتو کاروانی ئایینە ئاسمانییەکاندا بەشوێنی پیرۆز ناویان هاتووە. لەمەشدا ئۆجەلان لەو رووەوە بۆ ئەم باسە دەڕوات، کەزێدی لەدایکبوونی خۆی گوندی (ئۆمەرلی) سەر بەشاری (ئورفە)یە بەریشەیەکی پیرۆزەوە گرێدەدات. لەجێگەیەکی تردا ئۆجەلان باس لە(قودس) وەك شوێنێکی پیرۆز دەکاتو لەگەڵ شوێنی دەستپێکردنی خەباتی سیاسیو رێکخراوەیی خۆیو پارتەکەیدا دەیچوێنێت. ئەو باس لەوە دەکات، کەلێکچوونی زۆر لەنێوان شوێنی دەستپێکردنی چالاکییەکانی حەزرەتی مەسیح لەکێڵگەکانی زەیتون لەدەوروپشتی شاری قودس لەگەڵ ئەو چالاکیانەی، کە لەشاخێکی نزیك ئەوەوە دەستیان پێکردووە هەیە، کە(مەبەستی کێڵگەی زەیتونە). هەروەك ئۆجەلان باس لەلێکچوونێکی زۆر لەنێوان چالاکییەکانی حەزرەتی عیسا، کە لەدێرەکانو کێڵگەکانی زەیتون دەستییێکرد هەتا شاری ئەنتاکیە پەرەی سەند، لەگەڵ چالاکییەکانی خۆیان، کە لەسەربازگەیەکی بچووك دەستیان پێکردووە بەرەو ئەنتاکیەو ئەنادۆڵ پەلی هاویشتووە دەکات.

**باسی سێیەم**

**(هۆکارەکانی بایەخدانی عەبدوڵا ئۆجەلان بەئایینو کەسایەتییە ئایینییەکان)**

کۆمەڵێك هۆکار هەیە، کەوایکردووە ئۆجەلان بایەخ بەئایین و پەیامبەرو کەسایەتی و شوێنە ئایینەکان بدات، گرنگترینیان بریتییە لەوەی:

١- هۆکاری ناوهێنانی سیمبوڵە ئایینە ئاسمانییەکان لای ئۆجەلان پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لەلایەك ئایینو باوەڕ بەخودا لەسەرەتای تەمەنی منالّیو گەورەبوونی ئۆجەلاندا رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، وەك خۆشی باس لەوە دەکات، کە تاپێش هاتنی بۆ ئەنکەرەو کۆلێجی زانستە سیاسییەکانو تێکەڵبوونی بەبزوتنەوەو گروپە چەپەکانی تورکیا کەسێکی باوەڕدار بووە بەئایینی ئیسلام. تەنانەت باس لەوە دەکات هیوای وابووە لەرێگەی ئایینی ئیسلامەوە بتوانێت کارێك بۆ رزگاربوونی کوردو کێشەی کورد لەتورکیاو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بکات(اوجلان،٢٠٠٣: ٨٤-٨٥)، بەڵام بەهۆی گۆڕانی بیروباوەڕو بۆچوونەکانیو کاریگەری بیری سۆسیالیستیو خوێندنەوەی کتێبەکانی (فلادیمیر لینینو کارل مارکس) لەئەنکەرە، کاتێك خوێندکاری زانکۆ بووە بۆچوونی لەبارەی ئایینەوە دەگۆڕێت. واتە بڕوابوونی ئۆجەلان بەئایین دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی تەمەنی منالّیو گەورەبوونی قۆناغی دوای منالّی بەئایینو دواتریش کاریگەری پەروەردەی خێزانیو ماڵەوەیان، چونکە ماڵەوەشیان خێزانێکی ئاییندارو مسوڵمان بوون. لەگەڵ هاتنی بۆ ئەنکەرەو لەکۆلێجی زانستە سیاسییەکان ئۆجەلان بەبیری سۆسیالیستییو بەدیاریکراویش بیروباوەڕی چەپی شۆڕشگێڕیی کاریگەر دەبێت، ئەویش لەژێر کاریی هەردوو کتێبی (ڤلادیمێر لینین) بەناونیشانی(بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلان لەرۆژهەلات) و (مافی بڕیاردانی چارەنوسی گەلان ١٩١٤)، بەجۆرێك کردوونی بەبنەما بۆخۆی، دواتر لەوێوە تیۆریزەی بیری سیاسی خۆیو پارتەکەی پێکردوون(الغوار، ب.س:٥).

٢-ئۆجەلان بانگەوازو خەباتی سیاسیو چەکداری و چینایەتی خۆی بەخەباتێکی پیرۆزو مەزن وەك خەباتو بانگەوازی پێغەمبەرانو پیاوچاکانی خودا وێنا دەکات و دەچوێنێت، بەتایبەت بۆچوونی وایە لەناوەرۆکدا یەك پەیامە، ئەویش بەگژاچوونەوەی ستەمو نادادپەروەریو نایەکسانییەو هەوڵو تێکۆشانیشە بۆ بەرقەرارکردنی ئازادی و دادپەروەریو یەکسانیو ژیانێکی دوور لەستەمو نادادیی. لەمبارەوە ئۆجەلان دەڵێت:"ئێمە لەگەڵ جەوهەری ئاییندان بۆ شەرو وەستانەوە لەدژی زوڵمو بۆ ئازادییو یەکسانیی"(ئۆج ئالان،ب.س:١٨٨-١٨٩). هەروەها پەیرەوکردنی بیری شۆڕشگێڕیی لای ئۆجەلان بریتییە لەوەی هەڵگری بیری چەپی شۆڕشگێر بووەو برواى بەچەمکی شۆڕشو بیری شۆڕشگێڕیی هەبووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی. دەتوانین ئەم خەسڵەتە شۆڕشگێڕییە بۆ سەرچاوەکانی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕیی ئەو تەڤگەرەو خودی ئۆجەلان بگێڕینەوە، کە بەردەوام نیگای شۆڕشگێڕانەی لێوەرگرتوون، لەوانە: هزری شۆڕشگێڕیی ئایینیو ئیسلامیی(اوج الان،١٣٨٣: ١٩-٢٠).

٣-پەکەکە لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکان جۆرێك لەکرانەوەی لەگەڵ ئاییندا هێنایە ئاراوە، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە سەرانی کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) سەرباری ئەوەی خۆیان کەسانی سێکیۆلار بوون، بەڵام بۆ تەوقدانی مەترسی ئیسلامی سیاسیی هەڵکشاوو رەوتە چەپەکانو جوڵانەوەی کورد تیزی (ئاوێتەکردنی تورکی/ ئیسلامی)یان پیادەکرد، واتە بەکارهێنانی جۆرێك لەمۆدێلی ئیسلامی تورکیی. بۆیە بۆچوونیان وابوو بۆ رێگەگرتن بەمجۆرە سیاسەتەی تورکیا، پەکەکەش ئەو کرانەوەیە لەگەڵ ئاییندا بەرجەستە بکاتو هێندە رادیکاڵ نەبێت. بۆ بەربەرەکانێی بەکارهێنانی تیزی(ئاوێتەکردنی تورکی/ ئیسلامی) لەرۆژی (١٩٩٠/١٢/٢٦) پارتی ناوبراو (یەکێتی ئایینخوازیی کوردستان)ی دامەزراند. هەر ئەوانیش بوون لە سوریا پارتی ئیسلامیی کوردستانیان دامەزراند. ئەم هەنگاوە لەولاشەوە پەیوەندی بەبونیادی خێڵەکی و ئایینی کۆمەڵگەی کوردییو رایەڵە هۆزگەراییەکانەوە هەبوو، کە دەبوو پەکەکە هەر لەدەسپێکی کاری سیاسییو رێکخراوەییانەوە رەچاوی بکردایە (ئۆغلو،٢٠١٨: ٨٢).

٤-تورکیا لەچوارچێوەی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئایین بۆ تەوقدانی جوڵانەوەی کوردو پەکەکە دەستیدابووە هاندانی رێکخراوە ئایینییەکان، بەتایبەت دامەزراندنی رێکخراوی ئیسلامیی بەناوی (حزبوڵڵای تورکیی)(الداقوقی،٢٠١٨: ٢٩٩)و دواتریش(حزبوڵڵای کوردیی)، ئەمەی دواییان زیاتر بایەخی پێدرا، لەبەرئەوەی بونیادێکی ئێتنیی هەبوو، زۆربەی ئەندامەکانیشی کورد بوون(محفوض،٢٠١٢: ٤٧). بەشی هەرە زۆری ئەم رێکخراوانە دژی رەوتی چەپو پەکەکە بوون. تورکیا دنەی ئەم رێکخراوەی دەدا بۆ کوشتنو ئازاردانی هەموو ئەوانەی گومانیان لەسەر بووایە، کە ئەندامی ئەو پارتەن یان دۆستایەتییان دەکەن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش بوون، لەکاتێکدا سوپا خۆی بەپارێزەری عەلمانییەت دەزانی(رەندل،٢٠٠٧ :٣٨٤). ئەم رێکخراوە دواتر دووبەرەکی تێکەوتو بوون بەدوو بەشەوە، یەکێکیان بەنێوی(مەنزیل)، کە(حسێن وەلی ئۆغلو)سەرکردایەتیی دەکردو بەشۆڕشی ئیسلامیی ئێران کاریگەر بوونو ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو(یاووز،١٣٨٩: ٢٨٩). ئەویتریان بە(علم) ناسراو سەر بەدەزگای دەوڵەتی تورکیا بوونو ئامانجیان دژایەتیکردنی پەکەکە بوو(کۆیڤۆنەن، ٢٠١١: ٢٩١). ئەم رێکخراوە ژمارەیەك چالاکوانی کوردو نوسەرانو رۆژنامەنووسانی نەیاری حکومەتی تیرۆرکرد، جگە لەکاری توندوتیژی بەرفراوان. دواجار چەند پارتێکی دیکەی ئیسلامیی هەبوو، کە زیاتر دژایەتی رەوتی چەپیان لەتورکیا دەکرد(محفوض،٢٠١٢: ٤٩).

٥-تورکیا لەچوارچێوەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییانەی ئاییندا زۆرجار تورکیا جیاوازییە مەزهەبیو تایفییەکانی لەباکووری کوردستانو ناوخۆی تورکیا دژی جوڵانەوەی کورد بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی بۆشاییو کەلێنی کۆمەڵایەتی لەنێو دانیشتووانی ناوچە کوردییەکاندا، کە لەرووی تایفییەوە جیاوازیان هەبوو، بەتایبەت عەلەویو سوونە. بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ ئەم پێکهاتانەدا دەکرد، کە لەبەرژەوەندی خۆی بێت. بۆنموونە کاری لەسەر زۆرکردنی جەمسەرگیریی نەتەوایەتی لەنێوان کوردانی سوننییو کوردانی عەلەوییدا دەکرد(محفوض،٢٠١٢: ٤٢). ئەگەرچی لەبنەڕەتدا کودەتای(١٢ی ئەیلوولی

١٩٨٠) دژی جوڵانەوەی کوردو رەوتی چەپ و هەڵکشانی رەوتی ئیسلامی سیاسیی بوو، بەڵام تورکیا لەبری گەڕانەوە بۆعەلمانییەتی توندی سەردەمی مستەفا کەمال، بەپێچەوانەوە کاری لەسەر پەرەپێدانی تێکەڵەیەك لەئیسلامیی سوننی پارێزکارو دەمارگیریی نەتەوایەتی تورکی کردو رێگەی بەدامەزراوە ئیسلامییەکان دا، بەمەرجێك لەچوارچێوەی فەرمیی دەوڵەتدا بمێننەوە(الجميل،١٩٩٧: ٣٣٢). ئەمانەش بەئامانجی روبەڕووبونەوەی رەوتی چەپ، کە یەکەکە وەك رێکخراوێکی کوردی هەڵگری بیری چەپی مارکسیزم- لینینیزم دەکەوتە ئەو خانەیەوەو تورکیا وەك رەوتو پارتێکی بێدین ناوی دەبرد. ئەمجۆرە سیاسەتەش لەبنەڕەتدا پەیوەندی بە (تێزی ئاوێتەکردنی تورکی/ ئیسلامی)یەوە هەبوو، کە هەستان بەجێبەجێکردنی لەباکووری کوردستان لەرێگەی دامەزراندنی بەشی ئامۆژگاریی لەسەرۆکایەتی کاروباری ئایینی لەساڵی ١٩٨١، بۆ کارکردن دژی جوڵانەوەی کورد بەتایبەت لەوکاتەوەو چەندین کۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوەیان لەنێوچە کوردییەکاندا رێکخست بۆ شیکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو پارتەو ئایدۆلۆژیا مارکسیزمییەکەی. لەمڕووەوە تورکیا بۆ دژایەتیکردنی زیاتری یەکەکە بایەخی زیاتری بەعەلەوییەکان دا، بۆئەوەی نەهێڵێت لێیان نزیك ببنەوە، لەبەرئەوەی بەشێك لەسەرکردایەتیو ئەندامو کادیرو گەریلاکانیان سەر بەکوردانی عەلەوی بوونو خەڵکی ناوچە کوردییە عەلەویی نشینەکانی باکوری کوردستان بوون (برونەسن،٢٠٠٦: ٦٦-٦٧).

٦-ئۆجەلان کاتێك ناوی سیمبوڵە ئایینییەکان دەهێنێت زۆر رێزیان لێدەگرێتو لای پیرۆزنو یەکسەر دەیانبەستێتەوە بەبەگژاچوونەوەو بەرووداوەستانەوەی ئەو هەموو ستەمو تاوانەی دەرهەق بەچینێکی دیکەی کۆمەڵگە دەکرانو پەیامبەرانو سیمبوڵە ئایینییەکان پارێزگارییان لێکردوونو دژیان وەستاونەتەوەو خەباتو تێکۆشیانیان کردووە. ئۆجەلان جگە لەکەسایەتی پەیامبەران پەیامو بانگەوازو خەباتو تێکۆشانەکانیشیان بەخەباتو تێکۆشانێکی پیرۆزو گرنگ لەقەڵەم دەداتو خۆشی پابەند دەکات، کە لەسەر ئەو جۆرە خەباتەی پەیامبەرانو سیمبوڵە ئایینییەکان بڕوات. ئۆجەلان دەستەواژە ئایینییەکانو ناوهێنانی باوەڕدارانی مەسیحو جولەکەو ئیسلامیش بەکاردەهێنێت لەکاتی باسکردنو شرۆڤەکردنی بابەتە سیاسییەکاندا، وەك دەستەواژەکانی (گەلی مسوڵمانو مرۆڤایەتی، موجاهید، وەلی، دادپەروەرییو ستەمو جەور، برایەتیو ئاژاوەو دوژمنایەتیی، چاکەو خراپە،....تاد)، جگە لەمانەش لەچەندین شوێندا رەخنە لەجیهانی ئیسلامی دەگرێت، بەهۆی بێدەنگبوونیان بەرامبەر بەو ستەمانەی دەوڵەتی تورکیا دژ بەکوردو یەکەکەو خودی خۆیشی پەیرەوی کردووەو دەیکات(ئۆجەلان، ١٩٩٩: ٣٣، ١٦١). تا کار دەگاتە ئەوەی بەتوندی رەخنە لەکاربەدەستانی جیهانی ئیسلامی بگرێتو بڵێت:"ئەو کوردەی لەئێوە زیاتر خزمەتی ئیسلامی کردووە هەتا ئێستا شێخی مەککە بەدوو قسە باسیان ناکات! چۆن پەسەند دەکەن بەناوی ئیسلامەتییەوە ئەوەندە زوڵم لەو گەلە بکرێت!"(ئۆجەلان، ١٩٩٩: ١٠٤).

سەرباری ئەو دیدو بۆچوونانەی ئۆجەلان بۆ ئایین و رۆڵ و کاریگەری ئایین، بەڵام هەندێ سەرنج و تێبینی لەسەر ئەو بیروبۆچوونانەی ناوبراو هەیە، لەوانە:

یەکەم- ئۆجەلان لەچەند جێگەیەکدا بیروبۆچوونی وایە، کە حەزرەتی مەسیح عیسا پێغەمبەر لەخاچدراوەو بەرزنەبۆتەوە بۆ ئاسمان، لەکاتێکدا قورئان بەروونی ئاماژەی بۆئەوە کردووە، کە خوای گەورە عیسا مەسیحی بەرزکردۆتەوە بۆ ئاسمانو شێوەی یەهودای وەك مەسیح گۆڕیوەو لەبنەڕەتدا ئەوەی لەخاچدراوە یەهودایە نەك مەسیح، لەمبارەوە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:"وقولهم إنا قتلنا المسيح عيسى ابن مريم رسول الله وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم وإن الذين اختلفوا فيه لفي شك منه ما لهم به من علم إلا اتباع الظن وما قتلوه يقينا". سورة (النساء/ اية ١٥٧). چەندین فەرمودەی پەیامبەری ئیسلامیش (د.خ) ئاماژە بۆ دابەزینو گەڕانەوەی عیسای مەسیح بۆسەر زەوی دەکات لەرۆژی دواییدا. بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئۆجەلان بۆچوونی وایە عیسای مەسیح لەخاچدراوەو مردووە، ئەوەیە، کە دەڵێت:"وەکو دەزانرێ حەزرەتی مەسیح لەخاچ دەدرێ...."(ئۆجەلان،١٩٩٩ :١٦٣). لەشوێنێکی تریشدا جارێکی تریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتو جەختی لێدەکاتەوە،

كە عیسای مەسیح لەخاچدراوە، بەشێوەیەك دەڵێت:"چۆن پێش ٢٠٠٠ ساڵ حەزرەتی مەسیح لەخاچدرا، ئێوەش لەناو ئاگردا دەسوتێنرێن..."(ئۆجەلان،١٩٩٩: ١٧٠).

دووەم- یەکێکی تر لەو سەرنج و تێبینیانەی لەتێڕوانینی ئۆجەلان بۆ ئاییندا هەیە، ئەوەیە لەروانگەیەکی سێکیۆلاریزمەوە بۆ ئایین دەڕوانێتو وەك پەیوەندی رۆحی نێوانو خوداو مرۆڤ تەنها لێی دەڕوانێت، لەمبارەوە دەڵێت:"لەو هەنگاوە گرنگانەی پێویستە بگیرێتەبەر سەرەتا لەدیموکراتیزەکردنی ئیسلامدا بریتییە لەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەتو سیاسەتو هێشتنەوەی وەك دامەزراوەیەکی رۆحی مەعنەوی لەکۆمەڵگەدا نەزیاتر ، هەروەها کردنەوەی رێگە لەبەردەم ئازادییە مەدەنییەکانو ئازادی بیروباوەڕی ئایینو ئازادی تاك لەهزر ، هەروەك پێویستە ئەو قاڵبە بێگیانانە تێکبشکێنرێن، کەئایین لەبەردەم توانای عەقڵی مرۆیی لەداهێناندا دایناوە...."(اوج الان، ب.س:١٢٧). ئەم تێڕوانینەی ئۆجەلان لەروانگەی هزرو ئایدۆلۆجیای سۆسیالیزمی زانستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هزرێکی لائیکەو بڕوای بەرۆڵی ئایین نییە لەبواری سیاسییو دەوڵەتداریداو تێڕوانینی بەشێکی زۆری سێکیۆلاریزم تەنها ئەم رۆڵە رۆحییە دەبەخشێتە ئایین. ئۆجەلان ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە بانگەشەی دامەزراندنی سیستەمێکی سێکیۆلار دەکات و دەبێژێت:"کرۆکی سیاسەتی پەکەکە بەدیموکراتیزەکردنی سیستەمی ئیسلامیی خۆی دەبینێتەوە لەجیاکردنەوەی ئایین لەسیستەمی سیاسیو بونیاتنانی سیستەمێکی سێکیۆلاری شارستانی، بەوەش دەتوانرێت ئازادی ئایینی بدرێت لەگەڵ مافی بەشداری بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ سەرباری بیروباوەڕی ئایینی یا تایفیی"(اوج الان، ب.سنة:١٢٩). هەر لەمبارەوە (دیار غەریب) وەك یەکێك لەسەرکردەکانی پەکەکەو ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی کەجەکە دەڵێت:"ئێمە لامان وایە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت کارێکی باشە، چونکە دەوڵەت کۆمەڵێك دامودەزگاو دامەزراوەی ئیداریەو ئامانجی دەستگرتنە بەسەر ئیرادەو بەرهەمی گەلداو لەسەر بنەمای پلەداری دروست دەبێت. هەر لەبەرئەوە پێویست ناکات ئایین تێکەڵاوی دەوڵەت بکرێت، چونکە لەو تێکەڵاوکردنی ئایینو دەوڵەتدا هەم ئایین زەرەر دەکات هەم کۆمەڵگە..."(پێنجوێنی، ٢٠٠٠: ٥٤).

سێیەم- ئۆجەلان مانیفێستۆی سۆسیالیزم، کە لەلایەن (کارل مارکسو فریدریك ئەنگڵز)ەوە نوسراوە، لەگەڵ ئەو پەیامو نیگاو سروشەی بۆ پەیامبەری ئیسلام هاتووە وەك یەك دەچوێنێتو بۆچوونی وایە لەناوەڕۆکدا هەموو ئەو شتانەی هاتوون پێکەوە باسیان کردووە، بەمجۆرە ئۆجەلان دەدوێتو دەڵێت:"ئەوەی مانیفێستۆی کۆمۆنیزم وێنای دەکات، کە هەریەکە لەمارکسو ئەنگڵز نوسیویانە، هەمان شتە، کەقورئانی پیرۆزیش نوێنەرایەتی دەکات، کە دەوترێت دابەزیوە بۆسەر گەورەمان محەمەد، بەجۆرێك یەکەمیان بەزمانێکی زانستی ئەوروپی، لەکاتێکدا دووەمیان بەکۆدی ئایینی تایبەت بەرۆژهەڵات، لەکاتێکدا ئەو دیاردانەی ناودەبرێن بەکۆمەڵگەی سۆسیالیستیو دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا هاوتاکەی لەئیسلامدا بەرجەستە بووە لەکۆمەڵگەی ئوممەتو دەسەڵاتی ئیسلامیدا..."(اوجلان،٢٠١٠: ٣٧)، ئۆجەلان لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، وەك رۆڵ پەیامی خودایی و مانیفێستۆی کۆمۆنیزم لەیەك دەچن و یەك شتن، بەتایبەت لەرووی بەگژاچوونەوەی ستەمکاری و چەوساندنەوەی چینە بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگەو هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەڵام دەبوو ئۆجەلان تێبینی ئەوەی بکردایە، کە ئەوەی پەیامبەرمان محەمەد (د.خ) لەسەر بێت بۆی دابەزیوەو هاتوتە خوارەوەو پەیام و کەلامی خوای گەورەو پەروەردگاری جیهانیانە، کە لەهەڵەو کەمو کورتی بەدەرە، بەڵام مانیفێستۆی مارکس و ئەنگڵزو بەرهەمی زادەی مرۆڤ و هزری سۆسیالیزمی سۆسیالیستییە، کە چەندین هەڵەو کەمو کورتی تێدایەو ئەوەی مادە نەبێت و لەچوارچێوەی مادەدا نەبێت باوەڕی پێناکەن و بۆچوونیشیان وایە هێزەکانی دەرەوەی مادە هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکیان لەسەر مرۆڤ نییە، سەرباری بۆچوون و سەرنجی رەخنەیی دیکە لەسەر مانیفێستوو بیروڕاکانی مارکس و ئەنگڵز – توێژەران.

چوارەم- ئۆجەلان سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەت بەدەرکەوتن و راپەڕین و گۆڕانکاری ئاماژە پێدەدات لەدەربڕینو خستنەڕووی بۆچوونەکانیدا لەمەڕ بارودۆخو هاتنەئارای ئایینەکەو ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن، کە بڵاوبوونەوەو تەشەسەندنی

چینایەتی‌و زۆربوونی کۆیلایەتی‌و ستەم‌و نادادی هۆکار بوو بۆئەوەی خوای گەورە لەرێگەی ناردنی پەیامبەرێکەوە ئایینێکی نوێی وەك ئایینی مەسیحییەت بۆ کۆمەڵگەی جولەکەو مرۆڤایەتی رەوانە بکات، کە دەربڕین‌و ئاماژە زۆر گرنگەو بایەخپێدراوە لەخستنەڕوو دەربڕینی بیروبۆچوون. واتە زیاتر هۆکاری سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەت دەبەستنەوە بەهۆکارە دونیاییەکانەوەو ئاماژە بۆ ئەوە ناکەن لەگەڵ خراپی ئەو بارودۆخانە خوای گەورە ئایینێکی نوێی ناردبێتە خوارەوەو دەرکەوتنی ئایینی مەسیحییەت وەك هۆکارێکی دونیاکردو بەرئەنجامی بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەژماری دەکەن، لەمبارەوە خوای گەورە ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کەبۆ هەرهۆزو تیرو گەلێك پەیامبەرو پێغەمبەرێکیان رەوانە کردووە بۆئەوەی خوای تاك و تەنها بپەرستن و لەپەرستن و گوێڕایەڵی ستەمکارو زۆردارەکان دووربکەونەوە (ولقد بعثنا فی کل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت فمنهم من هدى الله ومنهم من حقت علیه الضلالة فسیروا فی الارض فانظروا کیف کان عاقبة المكذبین) سورة النحل– ایة ٣٦).

پێنجەم– ئۆجەلان لەنێوان دوو هزری دژ بەیەکدایە لەمەڕ ئایین و لەدوو دەرکەوتەدا ئایین دەبینێتەوە، لەلایەك ئایین بەشۆڕش لەقەڵەم دەدات‌و لەلایەکیترەوە ئایین لەئاکامی بێتوانایی مرۆڤ لەئاست هێزە دەرەکی‌و نادیارەکان وەك دۆخێکی ناچاری دادەنێت. واتە ئۆجەلان جیاکاری لەفۆرمەکانی دەرکەوتنی ئاییندا دەکات، بەجۆرێ بڕوای بەدەرکەوتنی ئایین وەك رۆڵ و بەگژاچوونەوەی ستەم و نادادی هەیە، بەڵام لەرووی چییەتی ئایینەوە وەك ئایینێکی ئاسمانی بەرهەمی پەروەردگارو پەیامێکی ئاسمانی، کە بەسروش و نیگا هاتبێتە خوارەوە ئۆجەلان بڕوای پێی نییەو زیاتر لەروانگە مادی و سایکۆلاژو دەرونییەکەی فرۆیدەوە تەماشای دەرکەوتنی ئایین دەکات– توێژەران.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:

• پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەرەتای حەفتاکان وەك رێکخستنێکی سیاسی و هزری دەرکەوتووەو دوای چەند ساڵێك خۆی وەك پارتێکی سیاسیی خاوەن بیری چەپ‌و مارکسیزم– لینینیزم راگەیاندووە لەسەر دەستی عەبدوڵا ئۆجەلان‌و هەر خۆیشی رێبەرایەتی پارتەکەی کردووە.

• هزری سیاسی‌و ئایدۆلۆجیای ئۆجەلان بریتییە لەمارکسیزم–لینینیزم‌و لەنێو رەوتە چەپەکاندا هەڵگری خەسڵەتی چەپی شۆڕشگێڕییەو هەر لەم روانگەشەوە تیۆریزەی هزری سیاسی‌و ئایدۆلۆجیای خۆی کردووە بەپشت بەستن بەهزری سۆسیالیزمی زانستیی.

• ئایین لەئەدەبیاتی ئۆجەلاندا پانتاییەکی تێبینکراوی داگیرکردووە، بەجۆرێك دیدو تێڕوانینەکانی لەیەك روانگەوە بۆ ئایین سەرچاوەی نەگرتووەو زیاتر لەروانگەی ئەرك‌و وەزیفەی ئایینەوە بیروبۆچوون‌و لێکدانەوەی خۆی بۆ ئایینەکان خستۆتەڕوو.

• روانینی ئۆجەلان بۆسەرهەڵدانی سەرەتایی ئایین بارگاوییە بەروانینەکانی هەریەکە لەکارل مارکس‌و سیگمۆند فرۆید، بەجۆرێك ئایین بۆبێتوانایی مرۆڤ لەراڤەکردنی دیاردە سروشتییەکان‌و ترس لێکدەدەنەوە نەك وەك ئایینی ئاسمانی خوداکرد، ئەگەرچی لەناودێرکردنی ئایینەکانی(جولەکە، مەسیحییەت، ئیسلام) وەك ئایینی ئاسمانی ناودێری دەکات، بەڵام لەزۆر بۆچوونی تریدا دژ دەوەستێتەوە.

• تێروانینی ئۆجەلان بۆ ئایین زیاتر لەئەرك‌و وەزیفەی ئاییندا یەکدەگرێتەوە، بەوپێیەی ئایین پەیامی رزگاری‌و بەگژاچوونەوەی ستەم‌و نادادپەروەری‌و چەوساندنەوەی چینایەتییە. ئەمەش لەروانگەی سۆسیالیستییانەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر لەبەرئەمەشە ئایینی ئیسلام وەك ئیسلامی شۆڕشگێڕ ناوی دەهێنێت. واتە زیاتر لەروانگە شۆڕشگێڕییەکەوە تەماشای ئایینی ئیسلام دەکات.

• کرانەوەو ئۆجەلانو پارتەکەشی (پارتی کرێکارانی کوردستان) بەرووی ئاییندا زیاتر لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لەپەیڕەوو پرۆگرامی سیاسیو ئایدۆلۆجیای سەرەتای دامەزراندنی پارتەکەدا، ئەوەش بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی حکومەتی تورکیاو بەدیاریکراویش دوای کودەتای(١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) و پەیڕەوکردنی سەنتێزی(تورکی/ئیسلامی) دژ بەکوردو وێناکردنی ئەو پارتە وەك پارتێکی بێباوەڕو دژە ئایین.

• باسکردنو ناوهێنانی ئایینە ئاسمانییەکانو پەیامبەرو هێماو کەسایەتییە ئایینییەکان پانتاییەکی گەورەی لەنێو ئەدەبیاتی ئۆجەلاندا داگیرکردووەو لەهەندێ جێگەشدا پەیامی خۆیو پارتەکەی بەپەیامی پەیامبەرانو ئایینەکان لەقەڵەم دەدات، بەڵام قبوڵکردنی ئایین وەك بەرنامەی ژیانو سیستەمی فەرمانڕەوایی ژیان رەتدەکاتەوەو زیاتر روانگەیەکی عەلمانیی هەیەو لەگەڵ جیاکردنەوەی ئایینو دەوڵەتدایە.

• روانینی ئۆجەلان بۆ ئایین روانینێکی ئاڵۆزەو لەهەندێ شوێنیشدا دژیەکە، بۆیە پێویستی بەلێکدانەوەو شرۆڤەی زانستیو ئەکادیمی ورد هەیە بۆتێگەیشتن لەتەواوی پێگەی ئایینو ماهییەتو ئەرکی ئایین لەژیانداو شیکردنەوەی ئەو دژیەکیو ئاڵۆزییە.

• لەهەندێ جێگەدا ئۆجەلان چۆتە نێو هەندێ مشومڕی ئایینەکانەوە، کەتائەم ساتەوەختەش یەکلانەبۆتەوەو راجیایی لەسەرە لەنێوان ئایینەکاندا، بەتایبەت مەسەلەی لەخاچدانی حەزرەتی عیسای مەسیح(د.خ)، بەجۆرێك لای مسوڵمانانو پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام یەکلابۆتەوە بەپێی دەقی قورئان، کەمەسیح بۆ ئاسمان بەرزکراوەتەوەو رۆژی دوایی دادەبەزێتە سەرزەوی، بەڵام زۆربەی پەیڕەوانی مەسیحییەت بۆچوونیان وایە مەسیح لەخاچدراوە، بەڵام ئۆجەلان لەچەند جێگەیەکدا پشتیوانی لەبۆچوونی لەخاچدانی مەسیح دەکاتو ئاماژەی پێکردووە.

• سەرنجێکیتر ئەوەیە ئۆجەلان ئایین بەش بەش دەکات لەقبوڵکردندا، بەجۆرێك ئایین لەوڕووەوە پەسەند دەکاتو قبوڵی دەکات، کە بەگژاچوونەوەی ستەمکارییو چەوساندنەوەی مرۆڤە، بەڵام وەك بیروباوەڕو بەرنامەی ژیانو سیستەمێکی سیاسیو فەرمانڕەوایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە جیاوازەکانی ژیان قبوڵی ناکات و بەپێچەوانەوە لەگەڵ سیستەمی سیکیۆلارییدایە ، چونکە بۆچوونیان وایە ئایین دەبێ تەنها وەك ئایینێکی رۆحی پەیوەندی نێوان مرۆڤـو خودا بێت نەك زیاتر.

• ئۆجەلان بەهۆی کاریگەربوون و سەرسامبوونی بەتێزە هزرییەکانی هەریەکە لە(مارکس و لینین و فرۆید) لەمەڕ ئایین زیاتر بیروبۆچوونەکانی ئەوان دووبارە دەکاتەوە لەمەڕ ماهیەت و چییەتی ئایین و بۆچوونی وایە ئایین لەترسەو بێتوانایی و چارەڕەشی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووەو لەدیدە مادییەکەی نێو سۆسیالیزمی زانستییەوە تەماشای شوناس و ماهیەتی ئایین دەکات، واتە ئۆجەلان لەمەڕ ناسنامەی ئایین و چییەتی ئایین بەوەی ئایین چییە یاخود ئایا ئایین پەیامێکی ئاسمانییە یان نا نەیتوانیوە تەجاوزی بیروڕاو تێزەکانی مارکس و فرۆید و سۆسیالیزمی زانستی بکات و زیاتر جەخت لەو تێڕوانین و بیروبۆچوونانەی ئەوان دەکات و پشتیوانییان دەکات لمەڕ بەخشینی ماناو ماهیەت و چییەتی بەئایین.

• راستە ئەم سەرنج و تێبینییانە هەبوو لەمەڕ پرسی ئایین لای ئۆجەلان، بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی ئۆجەلان لەگەڵ مارکس و فرۆیدو بەشێکی گەورەی بیرمەندانی سۆسیالیزمی زانستی و مادییەتی دیالەکتیکی ئەوەیە، کە ئۆجەلان رۆڵ و بایەخ و گرنگی بەئایین دەدات و لەروانگە شۆڕشگێرییەکەوە بۆچوونی وایە ئایین هەر خۆی واتە شۆڕش و خەبات و بەرخودان لەپێناو ئازادی و دادپەروەری و رەتکردنەوەی ستەم و نادادی، لەکاتێکدا ئەوان ئایین بەیەکجاری لەژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەو شۆڕش و چەمکەکامی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی دەکەنە دەرەوە، سەرباری زۆر دیدو تێڕوانینی گرنگی دیکەی عەبدولا ئۆجەلان لەمەڕ پرسی ئایین، کە لەناو دەقی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو، لێرەدا بەپێویستی نازانین دووبارەیان بکەینەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم- نامەی زانکۆیی:**

**- بەزمانی عەرەبی:**

١. الجبوري، سعد عبدالعزيز مسلط موسي(٢٠٠٧)، التطورات السياسية في تركيا (١٩٨٣-١٩٩١)، دراسة تاريخية- اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل.

**دووەم- کتێب:**

**- بەزمانی کوردی:**

١- جودی، حەسەن (٢٠٠٨)، مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایك، چ١، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك).
٢- رەندل، جاناتان (٢٠٠٧)، بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، چ١.
٣- عەبدوڵا، سەلام عەبدولکەریم (٢٠٠٤): بزوتنەوەی شعوبیەت لەمێژووی ئیسلامدا، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لەبڵاوکراوەکانی خانەی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، وەزارەتی رۆشنبیریی ، سلێمانی.
٤- کۆیڤۆنەن، کرستینا (٢٠١١)، جەنگی شاراوە لەباکوری کوردستان، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ١، چاپخانەی(روون)، سلێمانی، سلێمانی.
٥- پێنجوێنی، گۆران (٢٠١٧)، هەڵوەستەیەك دەربارەی ئایینو باوەڕمەندی، دیمانەیەك لەگەڵ (دیار غەریب)، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٦- گەوهەری، حامید (٢٠١٦)، پارتی کرێکارانی کوردستان لەعەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایك، چ١، هەولێر.
٧- ئوج ئالان، عەبدوڵڵا: ئورفا سیمبوڵی پیرۆزیو نەفرەت، مێژوو لەحەوزی دیجلە- فورات، وەرگێرانی لەتورکییەوە (لوقمان عەبدوڵڵا).
٨- ئۆج ئالان، عەبدوڵا: داستانی ژیانەوە، گفتوگۆی یاڵچین کوچوك لەگەڵ عەبدوڵا ئۆج ئالان.
٩- ئۆجەلان، عەبدوڵا: هەڵبژاردە، دەربارەی دەرکەوتن لەنیشتمانو قۆناغی نوێی بزاڤی بەرخودانمان، ئا(بروسك)، بنکەی کۆمپیوتەری ئاسۆس، هەولێر.
١٠- ئۆجەلان، عەبدوڵڵا (١٩٩٩)، کاروانی سەرکەوتن، وەرگێڕانو ئامادەکردنی (رۆژنامەی وڵات)، چ١، ئایاری ١٩٩٩. سلێمانی.
١١- ئۆغلۆ، توغبا یەشار(٢٠١٨)، حزبوڵڵای کوردیی لەتورکیا، و.(ماجید خەلیل)، چ١، چاپخانەی حەمدی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆفکرو لێکۆڵینەوە.

**- بەزمانی عەرەبی:**

١- الالباني، محمد ناصرالدين (١٩٩٧): سلسلة الأحاديث الصحيحة، بدون طبعة، نطبعة الاسلامي، عمان- اردن.
٢- اوج الان، عبدالله: الاصرار على الاشتراكية اصرار على بناء الانسان، ط١، مطبعة(ازادى)، سلسة الكتب العربية، رقم(٢٠)، منشورات اتحاد التنوير الديمقراطى.
٣- اوجلان، عبدالله (٢٠٠٣)، التاريخ مخفى فى يومنا ونحن مخفيون من بداية التاريخ، مطبعة (روناهى)، منشورات مدرسة مظلوم دوغان للكوادر.
٤- اوجلان، عبدالله (٢٠١٠)، الحقيقة الكردية، مقتطفات من مانيفيستو الحضارة الديمقراطية، المجلد الخامس: القضية الكردية وحل الامة الديمقراطية، اكاديميات المجتمع الديمقراطي، منشورات لجنة البحث العلمي.

٥- اوجلان، عبدالله: الدين والثقافة ومكانتهما فى تطور الانسانية فى الشرق الاوسط، مطبوعات ازادى، منشورات الحركة الشعبية.
٦- اوجلان، عبدالله: مسالة الشخصية فى كوردستان، خصائص المناضل الثورى وحياة الحزب، مطبعة(روج).
٧- الباحثين، مجموعة من (٢٠٠٦)، الاثنية والدولة، الاكراد فى العراق وتركيا وايران، ت(عبدالاله النعيمى)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت، معهد الدراسات الاستراتيجية.
٨- البوتاني، عبدالفتاح على يحيى (١٩٩٤)، حزب العمال الكردستانى، نشاته وتطوره، من كتاب: د.خليل على مراد واخرون: القضية الكردية وتأثيرها على دول الجوار، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركية.
٩- التميمي، عثمان بن محمد آل خميس (١٩٩٨)، حقبة من التاريخ، طبعة الاولي، مركز الثقافة الاسلامية، الكويت.
١٠- الجميل، د.سيار (١٩٩٧): العرب والاتراك، الانبعاث والتحديث من العثمنة الى العلمنة، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
١١- الخالدي، صلاح عبدالفتاح (١٩٩٥)، الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف والاستشهاد، طبعة الاولي، دار القلم، دمشق، دار الشامية، بيروت.
١٢- الداقوقى، د.ابراهيم (٢٠٠٨)، اكراد تركيا، ط٢، دار ئاراس للطباعه والنشر، اربيل.
١٣- دوغان، مظلوم: المقاومة حياة، نصوص مرافعات محاكمات (مظلوم دوغان، محمد خيرى دورموش، عاكف يلماز، كمال بير) الى محكمة امن الدولة التركية.
١٤- السيوطي، جلاالدين عبدالرحمن (١٩٨٦)، تأريخ الخلفاء، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، طبعة الثالثة، دار العلوم الحديثة، بيروت، مطبعة منير، بغداد.
١٥- عويضة، الشيخ كامل محمد محمد (١٩٩٣)، ابوبكر الرازى، الفيلسوف الطبيب، ط١، دارالكتب العلمية، بيروت.
١٦- الغوار، على: حزب العمال الكردستانى ثورة اليسار الشرقى، مركز الشرق للدراسات المعاصرة، بدون مكان و سنة الطبع والمطبعة.
١٧- غوردونوف، بوزيف (١٩٨٧)، ماهي الماركسية اللينينية، ترجمة(الياس شاهين)، ط١، دارالتقدم، الاتحاد السوفيتي.
١٨- فروم، اريك (٢٠٠٣)، الدين والتحليل النفسي ، ت(فؤاد كامل)، دار غريب للطباعة والنشر، القاهرة.
١٩- محفوض، د.عقيل سعيد (٢٠١٢)، تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسيات، الدوحة- قطر.
٢٠- محفوض، د.عقيل سعيد (٢٠١٣)، جدليات المجتمع والدولة فى تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبى.
٢١- مراد، خليل علي واخرون (١٩٩٤)، القضية الكردية في تركيا وتاثيراتها علي دول الجوار، مركز الدراسات الاقليمية التركية، الموصل.
٢٢- نورالدين، محمد (٢٠٠١)، حجاب وحراب الكمالية وازمة الهوية غي تركيا، ط١، دارالريس للكتب والنشر، بيروت.

- **بەزمانی فارسی:**

١. اوج الان، عبدالله (١٣٨٣)، اسلام وميهن دوستى، جامعه كردستانو طرح ترور من، ت(محمد رئوف مرادى)، ط٢، مؤسسة چاپو انتشارات دانشگاه تهران.
٢. ياووز، م.هاكان (١٣٨٩)، سكولاريسم و دموكراسي اسلامى در تركيه، ت(احمد عزيزى)، تهران.

**سێیەم- گۆڤار:**

**– بەزمانی عەرەبی:**

١- حميد،ا.م.د.خميس دهام و جواد،م.م.رؤي سنان (٢٠١٤)، حزب العمال الكردستاني ودوره في تطور القضية الكردية في تركيا من عام ١٩٩٣-٢٠١٣، مجلة (العلوم السياسية)، عدد (٤٨)، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، فرع نظم السياسية.

٢- عبدالرزاق، د.خالد عبدالوهاب (٢٠١١)، صراع بين اليمين واليسار فى تركيا وانعكاسات الصراع على سياستها الخارجية، مج(كلية التربية الاساسية)، ع(٧١).

٣- الورزادى، ياسين (٢٠١٦)، محددات التفسير الماركسى للدين، مؤسسه مؤمنون بلاحدود للدراسات والابحاث، قسم الفلسفة والعلوم الانسانية.

**چوارەم – رۆژنامە**

**–بەزمانی کوردی:**

١- ئۆجەلان، عەبدوڵا: هەموو باش دەزانین عیبادەتی هەرە مەزن شەڕو جیهادە، ر(وڵات)، ژ(٢٣٠)، پێنج شەممە (١٩٩٧/٤/١٣).

**بەزمانی عەرەبی**

١- التحرير، هيئة: عصابات الكونترا گريلا التركية، جريدة (ولآت)، عدد(٣٠)، الحلقة الاولى، الاثنين(١٩٩٤/٩/٥).

٢- كاتب، بدون: حول الثورة الكردستانية، جريدة(وطن شمس)، ع(١١)، السبت (١٩٩٦/٥/١١).

**پێنجەم- ئینتەرنێت:**

١. وودز، الان: الماركسية والدين، انظر : https://marxy.com/?p=10031.

٢. الذهى، عنات: تعريف مختصر للاشتراكية العلمية، انظر :

https://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid=535626&ac=1.

٣. الموسوعة التاريخية، وفاة ابن رشد الحفيد الفيلسوف الاندلسى، انظر : https://dorar.net/history/event/2321.